المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:33-55

# ڕەهەندی داگیرکەر لە شیعری نیشتیمانی (کوردی ـ فارسی) دا، بە نموونەی چەند شاعیرێك

محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین

بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: muhamad. noori@univsul. edu. iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندی داگیرکاری لەشیعری نیشتیمانی کوردی ـ فارسی) دایە، بابەتێکی بەراوردکاری دوو ڕەهەندی جیاوازی تێڕوانینی شاعیرانی هەردوو نەتەوەیە بەرامبەر چەمك وئاکارو دەرەنجامەکانی داگیرکاری، بەتایبەت لە ولآتانی فرە نەتەوەو ئەتنیکی جیاوازدا، کەمۆراڵ وسنوری ئامانجە گشتیە کانیان بە هێڵیکی هاو تەریب هەرگیز بەیەك ناگەن.

لێرەوە بونیاتی نەتەوەیی هێڵی جیاکەرەوەی سیما گشتیە هاوبەشەکانە لە بوارە جیاجیاکانی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکاندا، کە چەمکی زۆرە ملێی نیشتیمانێکی هێڵ بۆکێشراو و دروستکراو دەبێتە ڕایەڵەی گشتی پەیوەندییەکان.

لەم توێژینەوە دا پرسە هەستیاروگرنگەکان دەوروژێنین و ئایدیاوبیرە لیك ترازاوەکانی سەبارەت بەنەتەوەو نیشتیمان لە تێڕوانینی شاعیرانی هەردوو نەتەوەکەوە دەخەینە بەردەست و لەکۆتایشدا ئاماژە بە و ئەنجامانەی کە بە دەست هاتوون دەدەین.

**کلیلە وشەکان :**ئازادی، نیشتیمان، نەتەوە، داگیرکاری، ناسیۆناڵیزمی.

**الملخص:**

هذا البحث عباره عن دراسه المقارنه بين الادبين الكردى والفارسى فى حقبه تأريخيه حساسه، حينما كانت الدوله الايرانيه الفارسيه محتله من قبل الروس فى الشمال والانكليز من الجنوب، بينما كردستان محتلهمن قبل الاتراك، بعد زوال الاماره البابانيه وبعدها حل الاحتلال الانكليزى محل الاتراك واصبح كردستان تحت نير الا ستعمار البريطانى بصوره مباشره، و واجهه شعراء الكرد والفرس الاحتلال بأشعارهم الوطنيه لاذكاء نار المقاومه والهاب الجماهير باشعارهم الحماسيه بغيه التخلص من المحتلين الطامعين والغاصبين.

ولكن هناك اختلاف الجذرى فى مضامين اشعارشعراء الكرد والفرس الوطنيه والمقاومه للاستعمار، اذا تفحصنا مضامين الشعر الكردى فى هذه الحقبه لتبين لنا بكل وضوح، ان الشعر الكردى ذات محتوى انسانى وتحررى يسعى لتخليص البلاد من الاستعمار وويلاتها دون المساس بحقوق الاخرين ولا يعبس ولا يجحف تجاه حقوق الاقليات. وانما ينادى باالتلاحم والتكاتف الجميع من اجل الوصول الى الهدف المنشود الا وهو تخليص وتحرير الوطن. اى بمعنى اخر ان معرفه شعراء الكرد ليست عنصريه ولا الشوفينيه. اى بعباره ادق جمع الشمل تحت سقف الوطن والانسانيه هدف منشود ونبيل لديهم.

فى حين كان الشعراء الفرس يتغنون بالماضى الغابر الحالم عندما كانوا احدى الامبراطوريات القويه صالوا وجالوا فى الارجاء المعموره التى كانت تحت حكمهم، اى حينما كانوا غاصبين ومحتلين. ناهيك عن عقولهم الظيقه فى طمص الاخرين، هذا مانراه فى نصوصهم الشعريه، ان جل مايتفكرون به فى اشعارهم يتباهون بها دون خجل وجل هو محاوله مسح وطمص الهويه الغير الفارسيه من العرب والكرد والبلوج...... وغيرهم من الاقوام والشعوب الايرانيه، ان معرفه وثقافه شعراء الايرانيين برمتهم نابع عن تفكير اورثوها من الاسلاف ويمجدون ما ذكره الفردوسى الاب الروحى لعقليه الشوفينيه الفارسيه فى ملحمته المعروفه بالشهنامه.

**الكلمات المفتاحيه:** الحريه، الوطن، الأمه، الإحتلال، القوميه، التعسوفيه.

DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3



Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

**Abstract:**

This research is a study of the comparison between Kurdish and Persian literature in a sensitive historical era, when the Persian Iranian state was occupied by the Russians in the north and the English to the south, while Kurdistan was occupied by Turks after the demise of the Emirate Al-Bab And then the English occupation replaced the Turks and Kurdistan became under the yoke of british colonialism directly, and the front of the Poets of the Kurds and Persians occupation with their national poems to fuel the fire of resistance and flame to the masses with their enthusiastic slogans in order to get rid of the greedy and wanton occupiers.

But there is a radical difference in the contents of the poets of the Kurdish poets and the national persians and resistance to colonialism، if we examine the contents of Kurdish poetry in this era to show us clearly, that Kurdish poetry has a human and liberal content that seeks to rid the country of colonialism and its scourges without compromising the rights of Others do not frown and do not slander towards minority rights. But they call for cohesion and solidarity for all in order to reach the desired goal، which is to rid and liberate the homeland. i. e. in other words، the knowledge of Kurdish poets is not racist or chauvinism. in the most accurate words, the reunification under the roof of the homeland Humanity is the goal of their manchudonbel.

While persian poets sang in the dreamy past when they were one of the 8 powerful empires that prayed and toured the parts of the globe that were under their rule, when they were usurped and occupied. Not to mention their narrow minds in the line of others, this is what we see in their poetic texts, that all they think about in their poems and boast without shame and revered is to try to wipe and suck the non-Persian identity of Arabs, Kurds and blog...... And other Iranian nations and peoples, the knowledge and culture of iranian poets as a whole stem from the thinking inherited from the ancestors and glorify what Firdousi, the spiritual father of the Persian chauvinist mentality, said in his epic known as magnanimity.

**Keywords:** Freedom, Homeland, nation, occupation, nationalism.

**پێشـــەکی:**

هەموو نەتەوە یەك گەلێك لە ساتە وەختی پەرەسەندن ونشێوی وگۆڕانکاریەکاندا لەیەك ناچن بە تایبەت ئەو نەتەوانەی کە نزیکیەك و نیشتیمانێکی دەستکرد خاڵی هاوبەش دەبێت لە نێوانیاندایە، هە موو نەتەوەیەك سەرکەوتن و ژێر کەوتن و قۆناغی ئاڵۆزی بەخۆیەوە دەبینێ، لێرەوە دەرخستنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەبنە جەوهەری ئەدەب بەگشتی شیعر بەتایبەت لە ناساندنی مەعریفەی گشتی هەر نەتەوەیەك لەو نەتەوانە، وەرچەرخانەکانی ئێران و کوردوستان زۆر و فرە رەهەندن، لێرەوە ئاواز وجیهانبینی شاعیران پێوەرن وعەقڵیەتی کراوە یا فەرهەنگی یا دۆگمایی وچەق بەستوو کەس قبوڵ نەکردن دەبنە بیری گشتی لە هەر ساتێك لە ساتە وەختەکانی مێژووی تیروانینی شاعیرانی هەردوو نەتەوەدا.

بۆ نیشاندانی ڕاستیەکان، باسەکەمان بە میتۆدێکی وەسفی شیکاریانەو بەراوردکاری مێژوویی لە چوار بە شدا وەك خوارەوە نیشانداوە، تاهاوبەشی مێژوویی و جیاوازی فەرهەنگی نێوانیان بخەینە ڕوو:

- بەشی یەکەم: نیشتیمان داگیرکارلە ئەندێشەی شاعیرانی کوردا.
- شی دووەم: نیشتیمان داگیرکارلە ئەندێشەی شاعیرانی فارسدا.
- بەشی سێیەم:چەمکی نیشتیمان لە بونیادی شیعری ئێرانی سەدەی داگیرکاریدا.
- بەشی چوارەم: بەراوردکاری شیعری دژە داگیرکەر لەنێوان کورد ــ فارس دا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەکۆتاییدا ئەنجامە بەدەست هاتووەکان و لیستی سەر چاوەکان و پووختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی وئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

**• گرنگی توێژینەوەکە**

تائێستا ئاوەزوو مەعریفەو چۆنیەتی بیر کردنەوەی شاعیرانی کورد ـ فارس لە قۆناغە جیاوازە کانی مێژووی هەردوو نەتەوەداگرنگی پێنەدراوەو وەك پێویست لە سەریان نەکۆڵراونەتەوە، تا چۆنیەتی ئەندازەی بیرکردنەوەو فەرهەنگی مەعریفەی بیرو بیرکردنەوەی شاعیرانی هەردوو نەتەوە لە خانەی دروستی خۆیانداپۆلێن بکەین، بە ڕەچاوکردنی باری سیاسی و فەرهەنگی و چونیەتی نیشاندانی عەقڵیەتی بیر کردنەوەی ئەدەبی وسیاسی شاعیرانی هەردوولا، بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە ئەوە دەست نیشان بکەین و نیشانی بدەین.

**• کێشەی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات خاڵە جیاوازەکانی مەعریفەو بیر کردنەوەی فەرهەنگی مروڤـ دۆستی شاعیرانی دوو نەتەوەی نزیك لەیەك لە ڕێرەوی مێژوویی دا بخاتە ڕوو، بەڵام کەمی سەرچاوەی پێویست سەبارەت بەم بابەتە گرفتی سەرەکی بوو.

**• میتۆدی باسەکە**

پرۆسەی پیشەیی بابەتەکە بەم جۆرەێك دێت، باسەکەمان شێوازی بەراووردکاری مێژوویی دوو زمان و ئەدەبی جیاوازە و بە قوتابخانەی بەراووردکاری فەرەنسی ئەنجامدراوە، تارێرەوی مەعریفی زانستی بەراووردکاری لە خۆ بگرێ.

**بەشی یەکەم : نیشتیمان ـ داگیرکەر لە ئەندێشەی شاعیرانی کوردا**

گۆڕانکاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە پێی نایە قۆناغێکی نوێی ڕێڕەوی شیعریەوەو کەبەماوەی گوێزرانەوە ناودەبرێ و حاجی قادری کۆیش یەکەم هەنگاوی ئەو ماوەی گوێزرانەوەیە کەبۆئێرانیش لەدوای داگیر کردنیەوە لەلایەن ئینگلیزو ڕووسەوە هەمان شت دروستە.

دیارە هەلومەرجی داگیبر کاری کوردستانیش لەلایەن تورك و فارس و عەرەب و دواتریش ئینگلیزەوە سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی شیعری بەرەنگاری و ڕوو بە ڕوو بوونەوەو ئازادی بوو کەلەگەڵ سەرهەڵدانی چەند دەنگێکی نوێی شیعریدا هاوکات بوو.

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم کوردستان کەوتە ژێر چنگی داگیر کەرانی تورکی عوسمانیەوە، کەلەگەڵیشیدا تەوژمێکی بەهێزی شیعری بۆ بەگژاچوونەوەی داگیر کەران سەری هەڵدا وهەستی نەتەوەیی و سەربەخۆیی لای شاعیران و ڕۆشنفیکران بوونە هەوێنی شیعری.
لێرەوە حاجی کۆیی بوە سەرقافڵەو ڕاستەو خۆ گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو دەمە کاریان کردە سەر وەرچەرخانی شیعریی و ناوەرۆکی شیعریی ئەو، لێرە بەدواوە حاجی ڕویکردە شیعری نەتەوەیی و سیاسی کەبەڕاستی گواستنەوەیەکی نوێ بوو لەقۆناغی شیعری کوردیدا.

گواستنەوەی شیعری هەوڵدانێك بوو بۆ هاوتاکردنی گۆڕانکاریە ڕیشەییەکان کەبەسەر بونیاتی کۆمەڵگای کوردەواریدا هات، کەئەمەش وەرچەرخان و گۆڕانکاری لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیدا هێنایە کایەوە و ڕاچلەکاندنێکی هۆشەکی لەتاکی کوردیدا بەرپا کرد بۆ بەخۆدا چوونەوەی تەواوی بارو دۆخەکانی و گەڕان بەدوای چارەسەری ڕیشەیی دا. بۆ دەرچوون لە و نەهامەتیانەی کە دوچاری بوون و بەرۆکی بەر نادەن، لێرەوە گوتاری شیعری دەبوو سروشتی خۆی بگۆڕێت تا هاوتەریبی ئەو گۆڕانکاریانە بێت کەبەسەر کۆی سیستمی ژیانیدا هاتووە، تا لەبازنەی کاریگەری و ئەرکی نەتەوەیدا شیعر بارگاوی و ئاوێتەی وەچەرخانەکان بکات ئەمەش کارلێکی شیعرو گۆڕانکاری یە، کەلە دەرەنجامدا وزەی داهێنەرانەو نوێ بوونەوە لەبونیادی شیعردا دەخوڵقێنێ. حاجی بەرهەمەکانی لەسنووری بازنەی نالی و سالم و کوردیدا دەسوڕێتەوەو ئەمەش بەڕوونی لە شیعرەکانی کوردستانیدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەستەمبوڵ وەچەرخانێکی بیری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری بوو لەژیانی ئەوداو بیری کوردایەتی و دەوڵەتی کوردی لەناخیدا چەکەرەی کردو بووە گڕکانێك کە بۆکرۆزی مەوداکانی تا ئێستاش شەپۆل دەدات، بابەتی شیعریی بەتەواوی گۆڕا، بونیاتی شیعریی بوە بابەتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی. ((حاجی خاوەنی ئاستێکی بەرزی وشیاری بووە،


DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەیزانی دۆخی بابەتی وخۆیی لەبارنین لەکوردستادا تا خەڵك شیعرەکانی بکەنە دروشم و لەسایەیدا هەنگاو بنێت.)). ڕەسول. 2010، 72

لای خانی کۆیی ئەرکی شیعریان لەبازنەی مەعریفی نەتەوەیدا بارگاوی کرد، ناسنامەیان بەخشیە شیعریی لەقاڵبی نەتەوە دا. دەقەکانیان هەڵگری وەلامانێکی فەلسەفی و مەعریفی نین لەپرۆژەیەکی نەتەوەییدا، وەك چۆن پرۆژەیەکی مەعریفی نەتەوەییان بەرهەم هێناوە، بەهەمان شێوەش میتۆدێکی ڕەخنەیی نەتەوەییان خزاندووەتە نێو عەقڵ و وشیاری تاك و سەرانی کوردەوە. حاجی لەقاڵبی کۆندا مایەوە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە بیرو ئەندێشەی نوێ دەبینرێ کەدەرهاویشتەی ژیانی تاراوگەیەتی.

خانی دەڵێ :

ئایاب چ وەجە مانە مەحروم
بیجوملە ژ بۆ چەبونە مەحکوم
خانی. 2008. 109

حاجی دەڵێت :

لە دەست و دێی ویلایەت بینە ئەحباب
وەکو شەخسێکی واحید بن لە هەرباب
میران، شارەزا. 2707. 31

حاجی نەك ڕۆشنگەری کوردی لەخۆیدا خەملاندووە، لێرەدا بەزمانێکی ڕەوان وبیرێکی مەودا کۆن مۆدێرنێتە دەهاوێتە نێو بازنە مەعریفیەکەی ئەرکی شیعرەوە بیری حاجی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە هەڵگری بەها نەتەوەییەکانە و تەواوی پێوەرە خێڵەکیەکانی بەلا داناوە، حاجی لەنەتەوەوە، یەکبوونەوە، ئاکار دەبینێ و چارەسەر دەخوڵقێنێ.

تارێك نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد
عەبدولآ. 2016. 10

حاجی تاکێکی هەستیارو خاوەن درکێکی ستراتیژی نەتەوەیی بووە، ئەزموون و بیروئەندێشە بەرهەمهێنی دەقێکی ڕەهەنداوی دوور مەودا ن لەبازنەی مێژوودا بەویژدانی تاکی کوردی دەسپێرێ، ئەم دەقە بەدرێژایی مێژوو تا ئێستا شوناسی خۆی پاراستووە، دواندنێکی بەردەوامی فەلسەفیانەی عەقڵی ناکامڵی سەرانی کوردە پێم وابێت ((قەبیلی ئەکراد)) وەسفێکی ئاوەزیانەی بیرێکی قوڵە کەناکرێ چەقی قورسایی نەخرێتە سەر، ئەمە ئاشکار کردنی عەقڵی بیر کردنەوەی خێڵەکی کوردە کەحاجی شوناسی نەتەوەیی لێ زەوت دەکات، ئەمە ئاکیۆنی نێوان نەتەوەو قەبیلەیە، یا بەرامبەرێتی نێوان حاجی و عەقڵی پاشخانی مێژینەی کوردە کەبیری خێڵ فراوانترین مەودا لەڕەهەندی عەقڵی کوردیدا بەرامبەر بەبیری نەتەوە داگیر دەکات، پرسیارێکی مەرجی بەئاکارێکی ڕەخنەیی دەهاوێتە نێومێژووی خەباتی کوردانەوە کەبەداخەوە ئەمە بیرێکی خوێنراوەی ڕەخنەیی حاجی یە، کەتا ئێستاش عەقڵیەتی کوردی لەسایەی خێڵ و ناوچەو سنووری تەسکی پارتایەتی و پاشکۆیەتی ئەم و ئەودا دەژی.

حاجی بەوێنەی خانی لەناسنامەی داگیر کەران دەڕوانێ و بەیەك ئایدیا داگیر کەران لەبازنەی داگیر کاریدا پێناسە دەکەن.

حاجی دەڵێ :

لەمابەینی کڵاو سوورو کڵاو ڕەش            پەرێشانین دەبینە میپلی گای بەش
میران، شارەزا. 2016. 33

لێرەدا حاجی مێژووی چاڵدێران زیندوو دەکاتەوەو کورد دەکاتە چەقی ڕووداو لەپەراوێزی مێژوودا کە کە نەفت و قۆچە بۆ دوو نەتەوەی دڕندەو داگیر کەر کڵاو سورە فارسەکان و کڵاو ڕەشە تورکە عوسمانیەکان، حاجی لێرەدا چەقێك دەوروژێنێت کەهەزری نەتەوەیی تێدا دەڕوێنێ و دەیکاتە خاڵی سفری سەرهەڵدانی بیری سەربەخۆیی، پرۆژەو ڕەخنەی نەتەوەیی لەچەقی ڕووداوەکاندا کە کوردە بەرهەم دەهێنێ، ئەمەیە بیری خوڵقێنەری هەستە وەرێکی کورد کەمێژووی داگیر کەرو چەقی ڕووداو لە ڕەوتی زەمەندا بەرجەستە دەکات.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

کورده دەزانی لەکوێ ساکنە خزمانی تۆ
گوێ گرە تاپێت بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ
کێوی تۆرۆس و عومقی حەوزەکەی ئەسکەندەرون
دەگاتە بیست ملیۆن بنوسرێ خزمانی تۆ
عەبدولا. 2016، 44

لێرەدا حاجی سنوری نیشتیمان وەك مێژوویەك لەبیری کوردانا دەپارێزێ و دەیکاتە بنەمای گرێدانی هێمایەکی ئابرو مەندانە لەنێوان کوردو شوێن دا، ئەمە بنەمایەکی ماتر یاڵانەی مێژوویەکی زەوت کراوە، لەراستیدا سنوور لای حاجی جۆرێکی وشیاریە، کە خوازیارە لەزەینی تاکی کوردیدا بیچەسپێنێ، ئەو سنوور لەبەستێنی پرۆسەیەکی مێژووی بەرفراواندا. ناناسێنێ، بەڵکو هاویشتنێکی مێژووییە بۆ ئاکارو ئەندێشە، بەڵام حاجی پرۆسەیەکی مەعنەوی شوناس لە زەینگەدا دەروێنێ، ئەو دەیەوێ سنووری نیشتیمان بکاتە بنەمایەکی سەرەکی ئاکار یا یەکێتی نەتەوەیی، حاجی دابڕانێك لەرەهەندی سنورەوە لەگەڵ ئەوانی تردا بەرهەم دێنێ و دووبارەوە خزاندنەوەی پەرتەوازەی گەلێکی زوڵم لێکراو دابەش کراو و کۆیلە کراوە بۆ نێو مێژووی دروستی خۆی لەشوناسی خاکەوە.

حاجی خوازیارە سنوورو قەڵەم ڕەوە جیاجیاو دابڕاوەکانی کورد بسڕێتەوە جەختی حاجی نەتەوەخوازیە کەلەبەردەم هەڕەشەیەکی سڕینەوەی نیشتیمانێکدایە ئەمەش مەترسیەکی قوڵی نەتەوەییە، ئەو دەزانێ داگیر کەران یەکەم نیشاندانی ژمارەی کوردان دەربڕین و زیاتر سەپاندنی دەسەڵاتی کۆلۆ نیاڵانەی ئەوانە بەسەر ماندا، ئەوخاك و مرۆڤ لەجەوهەری ڕۆحێکی نائومێدو چۆکدراوە دەبینێت کە بەناچاری سەپێنراوە و قبوڵمان کردووە، بۆیە خاك و مرۆڤ و ژمارەی دروستی کوردان وەك پاڵنەرێکی بەهێز لەمێژوویەکی ناروونی مەعنەویدا دەبینێتەوە. ئەوانی داگیر کەر هێزێکی ستەمکاری قێزەونن، بەهۆی دەسەڵات خوازی و خۆسەپێنی بەسەرماندا بوونیان هەیە هەر وەك دەڵێت:

لەکوردان غەیری حاجی و شێخی خانی     ئەساسی نە ظمی کوردی دانەناوە
عەبدولا. 2016. 10

لێرەوە حاجی پرۆژەی هەستی ناسیونالیزمانە لەسەرەتای هەڵوەشاندنەوەی تورکە عوسمانیەکانەوە جاردەداو خۆیی و خانی بەبونیات نەری بنەمای شیعری ناسیونالیزمی کوردی دەزانێ لەپرۆسەی تێروانینێکی کوردستنانیەوە بەئاراستەی بەستنەوەو یەکخستنی کورد لەسەر بنەما نەتەوەیی و نیشتیمانیەکەی، ئەم دوو دەنگە گوتارو چەکیان لەبازنەی هاوڵاتیانی کوردیدایە، واتاو ڕەهەندی ئەم دوو دەنگە ڕابردوو وئاینده پێکەوە گرێ دەدەن بۆ بەرهەم هێنانی نەتەوە بە مانا فراوانەکەی کەتەواوی چینەکان لەزاراوەی کورد و بوون دا دەتوێنێتەوە.

ئەمەش بەخشینی واتە بەرجەستەییەکانی بیری ئەوان و ئەندێشەیانە لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەو هەستانەوەدا، خانی وحاجی ئینتیمایەکی ڕەوشتی لەنێوان مێژوو ئایندەو کوردانا بەرپا دەکەن، کەئەمەش کرانەوەی هزرو دواندی ویژدانەکانی کوردە لەپرۆسەی بونیات نانی بیری ناسیو نالیزمی کوردی دا.

حاجی بەشیعرەکانی وە ك کاوە     ڕۆژێ دە بیینن درەفشی هەڵداوە
سەرچاوەی پێشوو. 2010. 10

لێرەدا حاجی بیرکردنەوەیەکی قوڵ ڕەوانەی مێژوو دەکات گوتاری حاجی هەڵپێکانی سەروەری مێژوویی و ئایندەی خوازراوە، لەراستیدا شێوازو ناوەرۆك بەجوانی هونەری جوانناسی شیعریی – بیری دا دەکات، کەلە حەتمیەتی ڕزگاری نەتەوەییدا یەکانگیریان دەکاتەوە، ئەمەش دەرەنجامێکی نەگۆڕە لەپرۆسەی سیاسی خەباتی نەتەوەیدا.

ئەم وەك ڕەهەندێکی بیری فەلسەفی لەپرسیارێکی کۆتا ڕوون دا کەکراوەیی بیری حاجی و هەڵکردنی ئاڵای سپی و چۆکدادانی دوژمنانە لەپرۆسەیەکی کراوەی مێژوویی زەمەن نادیاردا، ئەو ڕاستیە شاراوەکان ئاشکرا دەکات، کەرویان نەداوەو دەشێ لەهەر زەمەن و دۆخێکدا ڕوو بدەن.

قوڕی کووێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت     خەوم نایە لەداخی موڵك و دەوڵەت
سەرچاوەی پێشوو. 2016. 43


DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

ئایدیاڵی خەوشی نەتەوە حاجی هەراسانی کردووە، لەدابڕانێکی تراجیدی نێوان خودو ئارامی و خەمی نەتەوەییدایە، ڕاسپار دنی زەینە لەنێوان هیواو بارگرانی دەرونیدا. حاجی واتا لە پانتایی نێوان خودو دواندنی ئایندەیەکی نەبینراودا بەدەست دێنێ و میتۆدی شوێن دەکاتە ڕووبەرێکی فراوانی سەرگەردانی و پرسیارێکی داخراوو نادیار، ئەمە ش ڕەهەندێکی جەدەلیانەی بێ وەڵامە لە هەناوی مێژووی تاکی کورددا، حاجی دەقێکی پرسیاری لەنێوان خودو ئەوانی تردا کە بوونیان لەزەین دا ئاخاوتنێکی خەیاڵاویە، دیالۆگێکی من و ئەوی مەودا کراوەیە، کەدواجار مولَك و دەولَەت ڕوبەری وەلَام دانەوەی ئەو لەسنووری ئەو دیالۆگەدا دیاری دەکات.

لێرەدا تەواوی تایبەتمەندییەکانی شیعری ڕۆشنگەری لەخۆیدا بەرجەستە دەکات، کەنزیکە لەنەتەوەو دەربڕە لە نەهامەتی و کوێرەوەری و ئامانج و ئاواتەکانی، زەمینەیەکی لەبارو گونجاوی بۆ نەوەیەکی شیعریی دوای خۆی ڕەخساند، بیرو ڕوناکی حاجی دەرەنجامی ژیانی ئەستەنبول بوو، ئاشنایەتی لەگەڵ بەدرخانی و کەسانی تر لەنەتەوە جیاجیاکان، چونکە ئەو دەمە ئەستەمبوڵ چەق و بنکەی بەیەك گەیشتنی زۆربەی ڕوناکبیران و ئەدیبانی گەلانی ژێردەستی عوسمانی بوو. کەئەمیش ڕەهەندێکی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی بەو بەخشی.

بەگشتی بەسەر چوونی سەدەی نۆزدەیەم و گرنگی سەدەی بیستەم گەلانی ڕۆژ هەڵات ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی لەژێر کاریگەریە سیاسی و. ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریەکاندا کەوتنە قۆناغێکی نوێ تیشکە ڕونەکانی سەدەی بیستەم لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا بووژانەوەو بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاویان هەڵهێنا. پور. 1979. 222

لەگەڵ تەواوی هاوبەشەکانی نێوان کوردو فارس لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری کەئەمانە بونیاد و سیمای هاوبەشی بەر هەمهێنانی دەقی شیعریی شۆڕشگێرین وەهەریەکیشیان بۆ خۆیان هەڵگری شکڵ و سیمای نەتەوایەتی خۆیانن، بەواتا لێرەوە ڕەهەندی نیشتیمان لەنێوان کورد – فارسدا دوو ئاراستەی جیاواز لەخۆ دەگرن کەلە چەمك و واتادا هەریەکەیان بە خەسڵەت و سیما کانیان دەبنە خاڵی جیاکەرەوەی باسەکەمان کە هەریەك بە جیا تیشکی دەخەینە سەرو دواتر بنەماکانیان لەتەرازووی بەراوردکاریدا دەخەینە ڕوو.

دوای نەمانی میرنشینی بابان ڕاستەوخۆ کوردستان دەکەوێتە ژێر دەسەلاَتی عوسمانیەکان وجڵەوی دەسەلاَت دەگرنە دەست، بەمەش دۆخیکی داگیرکاری پێدەنێتە قۆناغێکی مەترسیدارو ئەرکی شیعری دەبێتە مەعریفەیەك و پێناسێك بۆ شاعیران، تا دەقەکانیان بکەنە چەکی جۆشدان و بەرەنگار بوونەوە، هەرچەندە ڕێرەوی شیعری کوردی لە خواروی کوردستاندا بەمت بوون وکپ بوونی دەنگی شیعریی دادەنرێ لەو قۆناغەدا.

یەکێك لەو شاعیرانەی ڕوبەری گۆڕان و وەرچەخان سیمایەکی دیاری قۆناغی شیعریەتی چ لەڕووی ناوەڕۆك و بابەت و فۆرم و تەنانەت زمانی شیعریشەوە ئەحمەد موختارە لەقۆناغی دووەمی شیعریەوە 1918- 1925 هەنگاوی بەرەو شیعری سیاسی هەڵگرت، کەئەمە لەگەڵ بارودۆخی ئەو سەردەمەدا یەکیان دەگرتەوە، بەکورتی شیعری ئەم قۆناغە ڕەنگدانەوەی سەر دەمەکەیەتی، کە ڕووداوەکان زۆرو خێرا خێرا بوون ئەم قۆناغە تا ساڵی 1925 درێژەی کێشا.

ئەحمەد موختار باش لەوە گەشتبوو ئایین فاکتی سەرەکی جەهالەتی کۆمەڵگای کوردییە و چەکێکی بەهێزی لێدانی بزوتنەوە سیاسیە کوردییەکانە.

هەر وەك ئەحمەد موختار دەڵێ :

وشکە سۆفی هاتبوو ئەیووت بەهەشت هەربۆمنە
بالەوەڕ هەربۆ ئەو بێ، چونکە وەك بزن کاوێژ ئەکا
حەمید. 2000. 106

لێرەدا شکستێکی ڕۆحی لەناخی شاعیردا بڵێسەی سەندووەو لە نێوان وەهمی بەهەشت و ڕۆحی نەتەوەدا بەرتەسک بکاتەوە.

شاعیرانی ڕۆشنگەری باش لەواتاو دووریەکانی ئەم ڕەوتەی کۆمەڵگەی کوردی دەگەشتن کە چۆن بەناخی تاکی کوردی دا شۆڕبۆتەوەو لەمێژووی کورداندا چەکی ئاین خۆرەی بزوتنەوە شۆڕشگێریەکان ولەمپەری بەر دەم پەرەسەندنەکانی کۆمەڵگەی کوردی بوون، کەواتە ئەو بکەرێکی نا کارایەو مۆتیڤی پەنا بردنە بەر مەی خاڵی یەکگرتنەوەیە لەگەڵ کەف زەنانەکەی سالمدا، ئەمەش لوتکەی شکستە ناخییەکانی تاکی کوردە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

شاعیر ڕاستیەك دەخاتە ڕوو كەبەدرێژایی مێژووی سیاسی- كۆمەڵایەتی كورد پێوەی دەناڵێنێ تێرامانی مێژوویەكی مەودا بەردەوامە ئاشنا كردنی تاكە بەرامبەر بەو نادادپەروەریانەی كەبەرۆكی كۆمەڵگایان گرتووە.

ئەو نزایەكی قەدەریانە بەرهەم دێنێ كەسیناریۆیەكی ئەزەلی كۆمەڵگەی دواكەوتووی كوردەواریە، ئەو وێنەیەكی مەترسیداری عەقڵی كوردی دەكێشێ، كەوەك مۆدێلێكی سەپاوی كۆمەڵایەتی و سیاسی و زاڵبوونی ژیانی كوردانە، بەواتا خستنە ڕووی چییەتی داكەوتە كۆمەڵایەتیەكانە لەقاڵبێكی سیاسیدا.

زانست دەكاتە داچڵەكێنەری زەمینەی بیر كردنەوەكان، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەكی لۆجیكیانەی كارایە كەبەرەو سەرەتایەكی نوێمان بەرێت. لێرەدا مەودای بیركردنەوەی شاعیر ئاستێكی ئاسۆییە بۆ ڕاچڵەكانی عەقڵی دۆگمای باو كەلەگەڵ خواستی سەردەمدا دوو ئاراستەی تەواو جیاوازن. ئەمەش دیاریكردنی سنوری نێوان دوو ڕەهەندی عەقلیە یا دوو جۆر ئاگامەندیە. ئەوی شاعیر گوتاری بەرەو سنوری عەقڵی دوگاو پەستاو دەكات تا بتوانێ ئاستی عەقڵی بجوڵێنێ و بتوانێ بڕیار لەسەر بوون و ناسنامەی بوونی خۆی لە چوارچێوەی زانستیدا بدات بونێك كەهەموو نەرێت و بەها نەتەوەیەكان لەخۆیدا كۆبكاتەوە، ئەمەش گەشتێكە بەرەو ئایندە كەئەوی شاعیر لەپرۆژەیەكی شیعریدا پێشكەشی دەكات.

من كە كوردم حەز بە.... ؟.. كوردستان ئەكەم
ئارەزوی دەوری تەرەقیی حاكمی بابان دەكەم
ڕەسوڵ. 35. 1986

ئەحمەد موختار خاوەن دركێكی قوڵ لە بیرێكی ڕادیكالآنەی گوتاری ڕەهابوونی نەتەوەییدالە ئێستاو لە مێژوودا بەرهەمدێنێ، لێرەدا ئەحمەد موختار مەعریفەو ئاوەز، لە دوو ڕەهەندی جیاوازی تاكی كوردیدا گرێدەدات كە لەرەفتارەكانی دا ڕەنگدەداتەوە ئەمە ڕاستی یەكە تەنانەت لەمێژووی ئەمرۆشماندا بەڕوونی دەبینرێ كە خیانەت و خۆفرۆشی هێزێكی پاڵنەری سیحریە وهەمیشە ئەڵقەی لاوازی نەتەوە دەدوێنێ و بەكاری ئەمە دووبارەكردنەوەیەكی بەردەوامە، هەر لەدەوڵەتی بەرزەكی، شەدادی حوسنەوی درێژە دەكێشێ بۆ میرنیشینەكانی سەدەی هەژدەو نۆزدەیەم بەئێستاشمانەوە بەڵام بەقوڵایی هەل و مەرجی نوێ، شاعیر دیالۆگێكی كراوە لە دەلاقەی مێژووەوە بەرپا دەكات.

بۆ دەبێت بكەرێكی نەرێنی بەدرێژایی مێژوو بەرۆكمان بەرنەدات، ئەحمەد موختار، كورد بوون وەك مۆراڵێكی جەبری پڕ بەها پێناسە دەكات.

خۆفرۆشیش ڕێگرێك یا چەتەیەكی داشە هارەیەو هەمیشە ڕەفتاری ئاژەڵێكی درندەی برسیەو كەرەقیب و دەسكە تەوری دوژمنانە لەژێر چەمكی گوتاری ڕەنگاو ڕەنگی نەتەوەییدا.

دواجار پێداگری شاعیر بەگژداچوونەوەیەكی ناسیۆنالیزمانەی خاوەن بەهایە دەنگی بەر پەرچدانەوەی هەرەشەیەكی مۆتەكە ئاسایە كەبەدرێژایی مێژوو لە بەرۆكمان نابێتەوە و هەمیشە تۆقێنەرو لەبار بەری خەونە نەتەوەیەكانمانە.

بێكەس و پشتیوانین ڕێگەمان دووره وەرن
حەیفە ئێوە وائەسیری دەستی چەن قەومی كەرن
بۆچی نازانن لەتوخمی كاوەیی ئاسنگەرن
هەڵ بكەن... كوردی ئەم ئیدارە لابەرن
سەرچاوەی پێشوو.. 1986. 106

ئەحمەد موختاری ڕۆشنفكر چەند ئاستێكی مەعریفی لەناخیدا بەرهەم دێنێ و دەقەكانی وەك گوتارێكی سیاسی ئاراستە دەكات و لەهەمان كاتدا خودێكی بكەرو كارا وەك هەڵگری خەم و هەڕەشە ترسناكە شاراوەكان دەخاتە ڕوو، ئەو دەرونی دەكاتە بونیاتێكی خستنە ڕووی پەنهانە مەترسیدارەكانی ژیانی كوردی، لەهەمان كاتدا یادگەكانی تاكی كوردی ووریاو ئامادە دەكاتەوە كە ئینتیمای ڕابردوویان وەك برینێكە لەجەستەی مێژووی نەتەوەدا وێنا دەكات و هەم ئەو مێژووە كوژراوە دەكاتە چەقی هاندانی گۆڕان و وەرچەخان و هەتوانی برینەكان، بەواتا ئامادەكردنی ڕۆحی ڕابووردو كە لە كاوەدا بەرجەستە دەكات ودەیكاتە ڕقێكی پیرۆز بۆ ئامانجێكی بەرز، ڕابوردوو هێمایەكی هەڵگرتنی ئازارەكانە و دەیكاتە ژێرخانێكی ڕق لێبوونەوە لەئێستادا بۆ تێپەڕاندن و لەبار بردنی سنوورەكانی مت بوون كە ئەركێكی سیاسی و نەتەوەیی و پێدەبەخشێت.


DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

ص:33-55
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

شاعیر هەڵگری خودێکی ڕاستگۆیانەی قوڵە، ئەمەش بیریی ڕەسەنی مرۆڤێکی جەوهەر دیدەی شتەکانە و نیشان دانی خود سازیەکی ڕوونی بیرکراوەیە کە وێنەی ناوەوەی دەبەستێتەوە بەئەندێشەی بیرێکی شەکەت و ماندوو لۆمە کراو، وەڵامێکە پاپاساوێکە بۆ پرسیارێکی شاراوەی ئاڕاستە کراوی ئەوی شاعیر قورپێوانی خۆی تێکەڵ بەخەونی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات، ترسی ئەو ترسی شوناسی پەرتبوون و پەرێشان بوونی نەتەوەیەکە، لەهەمان کاتدا دەنگێکی ڕەخنەیی وەڵامدەرەوەی ئەوانی دیکەیە و خوازیارە پاسیڤێکی گونجاو لە وشیاری نەتەوەیی و لە خەمەکان و فرمێسکەکانیدا بەرهەم بهێنێ کە دواتر ئەم وشیاریە دەبێتە شوناس و ڕزگاری نەتەوە، ئەو تابلۆی گریان و قوڕ پێوانەکانی دەکاتە چەقی ترس و دڵە ڕاوکێ بۆ هەوڵدان و ڕێگری لە دارمانی نەتەوە، ئەو بیرۆکەی ترس و دلەَ ڕاوکێ و گریان دەکاتە بنەمای یا هێنانەکایەی نوێ بوونەوەو هەستانەوە، دەقەکەی خۆی دەکاتە گفتوگۆ لە هەمان کاتدا هەواڵ و وەڵامی بەمەبەستی لێکدانەوەیەکی جەدەلیانە یەکەمەوداکانی هەتا ئێستاش گڕ دەخۆن.

دەنگێکی تر کە بەشیعرەکانی مافەکانی کوردو ڕێگای خەباتی گرتوتە بەر بێکەسی شاعیرە، بڵند گۆی دژە داگیر کەران بوو لەپێناوی وریاکردنەوەی کورداندا دەست بەرداری گەلێك ڕووی هونەری شیعری بووە تا شیعرەکانی ببنە ویردو دروشمی کارتێکەرانە، ئەمەش لەشیعری زۆربەی نەتەوەکانی دەورو بەردا دەبینرێ کاتێك ڕوو دەکەنە ژیانی خەڵك و شەقام بۆ ڕەنگدانەوەی کاریگەریەتی و پێکانی ئامانجی شیعری.

قەومی کورد ئەمڕۆ کە دائیم وا لەحاڵی حەسرەتە
باعیسی فیتنەو فەسادو دوو دڵی ناو میللەتە
مەلاکەریم. 2010. 52

بێکەس وەك تاکێکی بەئاگا زمانی شیعری دەکاتە پردی پەیوەندی نێوان بیرو نەتەوەو تراجیدیا، لێرەدا شێوەو ناوەرۆکی هونەری پەیوەستیەکی ئاگامەندانە پێك دەهێنین و لە واتای بوونی نەتەوەیەك دەکۆڵێتەوە، یا بوونی نەتەوە ئاوێزانی چەند پرسیارێکی ڕەهەنداوی دەکات.

ئەو بوونەش بەتراجیدیاوە گرێ دەدات و کایەی حەتمی ئەو بوونە بە کۆمەڵێك مەرجەوە دەبەستێتەوە، ئەو خوازیارە دەرەنجامێکی نەگۆڕ لەکایەی مەعریفی نەتەوەیدا بەرهەم بێنێ.

لای شاعیر دوو شێوازی بیرکردنەوە دژ بەیەك سەرهەڵدەدەن لەئاستی یەکەمدا بنەماو واتای بوونی نەتەوەییە، لەدووەمدا چاندنی هیواو هەوڵدانی گۆڕینی بێهیواییە کە دەیهاوێتە ئامێزی خەبات و بەرخودان و قوربانیدانەوە. ئەو بەدوای ڕاستی یەکی شاراوەوەیە کەلەژێر سایەو باڵی ئەوانی داگیرکەردایە، پانتای میللەتێ بێ زانست لەڕووبەرێکی بچوکدا قەتیس دەکات، ڕووبەرە بشاردرێتەوە، کەپێیەکانی داگیر کەرە بەواتا زانستی ئەوان بەرهەم بهێنێ هێزو دەسەڵات وقۆرخکاریە و بەهای منیش بەرهەم هێنی لاوازی و مل کەچی و ئەژنۆدادانە، ئەو جیاوازی نێوان دوو مرۆڤ دەخاتە ڕوو مرۆڤی بەرزو مرۆڤی نزم، ئەمە بوونێکی دوو لایەنەی ئاگا مەندانەیە ڕاڤەی نێوان کۆیلەو خاوەن کۆیلەیە.

نیتشەی بیرمەند ئاماژەی دوو جۆر مرۆڤ دەکات : مرۆڤی بەرزو، مرۆڤی نزم، نێوان مرۆڤ و مرۆڤ گەل.

محمد کمال لەکتێبی نیتشەو پاش تازە گەرایی دا دەڵێت:

((مرۆڤی بەرز بونێکی داهاتووی هەیە بۆ بەرزێتی خۆی هەموو نەرێتو بەهاکانی ئەمڕۆ ڕەت دەکاتەوە )). کەمال. 2006. 110

بێکەس گوتارێکی سیاسی دەخاتە ڕوو، پاڵنەرێکە، مۆتیڤێکە، کەبە شێوەیەکی ریالیستانە کورد دەدوێنێ دال مەدلولی ئەم دەقە هەڵکشانێکی زمانیە بۆ جۆشدانێکی کاتی نەك پرۆژەیەکی مەعریفی کەئەرکی شیعر لەئایندەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دیاری بکات

ئەم کوردە گوردە ئێستا کە بێکەس و هەژار
ملی بۆ شمشێری دوژمن خوارو کەچ و لەبار
مەلا کەریم. 2011. 61

هەمیشە جەدەلیەتی دەسەڵاتی کوردی و قوربانیدانی نەتەوە مێژوویەکی تاڵە، لێرەدا نیشاندانێکی ئەزەلی قوربانی دان و فیداکاری هەمیشە بەردەوام لەبازنەی گەل و نەتەوەدایە چەقی شیعری بێکەسە و هەمیشە ئەوان لەدەرەوەی مێژوو دەسەڵاتدان، لێرەشدا بێکەس وێنای سەرکردەکان لەبنەمای پیرۆزی دەردەهێنێ و وەك هێزێکی شەڕ و یەخە گری میللەت وێنای دەکات.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە
دودڵن. پیسن لەگەڵ یەك، بۆیە وابێ لانەیە
سەرچاوەی پیێشوو. 2011. 63

یا دەڵێ:

گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ و گیرفانیان پڕ ئەکەن
شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین، هەر سەرسەر ین
سەرچاوەی پێشوو. 2011. 82

دروشمە ناسیونالیزمە قەبەو موزایە دە نەتەوەییەکانیان هەمیشە مایەی گێلاندی تاکی کوردی بووە، کورد هەمیشە لەدیرۆکی خەباتی نەتەوەییدا ڕۆڵی جەماوەرو توانای نەتەوەیی لە ڕۆڵی سەرکردەکاندا تواندۆتەوە، هەمیشە بەرهەم هێنی سەرکردەی کاریزمی بوون بەڕادەیەك ڕۆحێکی ئەفسانەییان بەبەردا کردوون وەك ئەو نەبێ نەتەوە گورگ دەیخوا، پێچەوانەکەیشی دروستە بەمێژووی ئێستاشمانەوە زۆر جار سەرکردەکان گورگێکی برسی بوون ئاسۆی سەربەخۆیی و خودی نەتەوەیان لەکەڵبەکانیاندا ون کردووە.

هەمیشە ئەم سەرکردانە بەرهەم هێنی چیرۆکە مێژووییەکانن و لەئێستادا ئامادەی دەکەن و بەڕۆحی ڕابووردو شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوە دەبەن، ئێمە هەمیشە ئایندەمان لەڕابردوومان تاڵترە، پێویستە دابڕانێکی ئەزەلی لەنێوان سەرکردە قەبەلیەکان و بەرژەوەندیەکانیان بهێنێتە کایەوە.

یەکێکی تر لە دەنگانی ئازادی و سەربەخۆیی بەختیار زێوەری شاعیرە. ئەویش وەك شاعیرانی تر خەمی نەتەوەکەی لە کۆڵناوە و دەردەکۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگای کوردی و عەقڵی کوردی ڕەنگ پێدەرەوەی بەرهەمەکانیەتی.

ئەم کوردە کەوا ئێستە لەهەر مەرتەبە دوونن
هەر مایلی بێ عیلمی ودواکەوتن وبونن
زێوەر. 1989. 63

زێوەر گوتارێك لەمێژووی کۆن و ئێستا واڵا دەکات، مەوداکانی دەربڕینی بێ ئومێدیە لە بەرپاکردنی گۆڕانکاری لە عەقڵی کوردیدا.

ئەو کەسانەی گاڵتە بەم کوردە بکەن بێجا ئەکەن
تەرکی ئاوا بی مرووەت تەفیکری بێ مەعنا دەکەن
خۆکەریم خان و صلاح الدین و شاهانی بەبان
هەر ئەبێ ئەو ڕۆژە هەڵبێتن کە ئاڵات وا ئەکەن
سەرچاوەی پێشوو. 1989. 73

پاشخانێکی مۆتەکە ئاسا کەهەمیشە بەرۆکی تاکی کوردی بەرنادا ئەوەیە، هەمیشە ئێمە خۆمان دەخەینە ژێر باری پرسیاری ئەوانی ترەوە و بەردەوام مرۆڤێکی لاوازی باوەڕ بەخۆ نەبوو بەرهەم دێنین و هەمیشە لەژێر بارگرانی ڕەخنەکانی دیکەوە وەك مرۆڤێکی لاوازو بێ ڕۆح خۆ دەخەینە ڕوو.

زێوەر عەقڵی تاکی کوردی لەدونیای مت بوون دا دەدوێنێ و بەرەو تاکێکی ڕەخنە لەخۆ گرو عەقڵانی ڕەوانە دەکات، لێرەدا مێژوو وەك ڕۆحێکی ڕەخنەیی دەکاتە هێزی خۆناسینەوەو بە ئاگا هاتنەوە، کەلە ڕۆحی کەریم خان و صلاح الدین دا دیخاتە ڕوو. بەواتا بەرپا کردنێکی عەقڵی لە ڕۆحی مێژووی نەتەوەییدا، ئەم مێژووەش ئێمە لەباوەشی بێ توانابیە تاقەت پروکێنەکاندا ڕەها دەکات، ملی سێدارە فۆڕمێکی نوێ بۆ هاتنە کایەی نوێ بوونەوەیەکی سیاسی دە خولقێنی کەلەفۆڕمی دەوڵەتی نەتەوەیدا دەخەملێت و ئەمەش وێناکردن و نیشاندانێکی حەتمی کۆڵنەدانە کەواتە هەموو پێکهاتەکانی دەقەکە لەکۆتا جاردا هاو ئامرازن لە سیاقێکی مێژوویدا.

دەنگێکی چەوساوەی نەتەوەیی و چینایەتیی و خاوەن بیرێکی پێشکەوتوو خواز، قانعی شاعیرە، ئەمەش بۆ مەلایەك لەو سەردەمەو تەنانەت لە ئێستاشدا خاڵی جیاکەرەوەن، ئەو وەك ڕوشنگەرێك لە نەتەوە و دەردە کۆمەڵایەتیی و نەهامەتییەکانی ڕوانیوە

DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

و بە سەرچاوەی دواکەوتوویی زانیوون، دەقەکانی ڕەنگ پێدەرەوەی باری گلاوی داگیرکراوی کوردە و بەئا هوو حەسرەتەوە مێژووی دزراوی نەتەوەکەی بەیاد دێنێتە:

چۆن ئەناڵێنم لەداخی گەردشی چەرخی زەمان
کوا شکاك و کەڵوڕو کوا دەبدەبەی بابانیان ؟
قانع. 2005. 95

قانع لە فۆرمێکی گلەیی ئامێزدا مێژوویەکی کۆنی کوردان ڕەوانەی چەرخی هەمیشە گۆڕاوی زەمانە دەکات، ئەو مێژوویەکە دەمێکە ماڵئاوای کردووە وەك کەسێکی خەون بین مەنەلۆگێك لەگەڵ خو د دا بەرپا دەکات، ئەمەش چوارچێوەیەکی خەیاڵیە لە پرۆسەی خۆبە دەستەوەداندا، ئەو بکەرێکی نەرێنی بێ دەسەڵاتە، کەجگە لەقورکردن بەسەردا وەك هێمایەکی خۆبەدەستەوەدان شتێکی دیکە نی یە، ئەمەش لاوازی بیری قانع نیە هێندەی جۆشدانە بەکوانووی گەڕان بەدوای پاڵەوانانی نەتەوەدا کەلە عەشیرەتەکانی کەلهوڕی شکاك دا ئامادەی دەکات لەڕاستیدا ئەمەش کاردانەوەیەکی ڕەخنەییانەیە بۆ خوێندنەوەو نیشاندانی دوو مێژووی جیاوازی نەتەوە و سەردەمە.

دەنگێکی شیعریی ترکە ڕەسەنایەتی هەڵوێستی نەتەوەیی لە شیعرییەکانیدا دەچۆڕێ دیلانە.

لەو ڕۆژەوە، لەو ساتەوە، هەرلەو دەقیقەو کاتەوە
کە خوێنە خۆی دێرینکەی (( کتێبەکەی )) ئەکاتەوە
لەو دەمەوە کە ڕیچ گەشتە سەرچنار
تۆوی پیلان، هی ژێر دەستی بۆ ئەم هێنا بەبار
ئاگرین. 2013. 38، 40

دیلان لەم دەقەدا ڕابردوو ئێستا بەداهاتووەوە گرێ دەدات وەوتێکی پراگماتیزمانە لە بیری دیلاندا دەرخستەی پەیوەندی نێوان نەتەوەو داگیر کەرە، ئەمە ئەزموونێکی کارای شاعیرە کە ئازادی لەهەناوی داگیر کەردا دەناسێنێ و ئەم ناسینە جوڵەیەکی وروژێنەر لە تاکدا بەرپا دەکات تا کەلێنەکانی نێوان شۆڕش و داگیرکەر ببنە خولقێنەری مێژوویەکی نوێ. ئا یدیای ئازادی لە هەناوی ئیمپریالیزمدا چنگ دەخات، چونکە ئەمە دوانەیەکی توخم جیاوازی ئەزموونی کۆمەڵایەتین کەتەواوی دڵەڕاوکێکان بەلادا دەنێت و شوناسی حەقیقی داگیر کەر لەڕووبەڕی هەمواندا دەچێنێ، کە دواتر ئەمە دەبێتە زەمینە سازیەکی زە ینی یە بۆ بەرپاکردنی شۆڕش و بەدەست هێنانی ئازادی، ئەمە شڵەژاندنی ڕۆحیەتی بەرهەڵس کاریە بۆ لەناو بردنی مێژوویەکی داڕماوی.

ئەی چوار سەری ناو زیندانی
کۆنە پەرستی ئێرانی
سەر زۆر پژا
خوێن زۆر ڕژا
سەرچاوەی پێشوو. 2013. 40، 41

دیلان ناسنامەی داگیرکەران ڕۆژهەڵاتی یا ڕۆژ ئاوایی بن لەیەك بۆتەی مەعریفی دا دەخاتە ڕوو، کەهەگبەی ئەمانە جگە لە کوشتن و سەربڕینی نەتەوەیەك شتێکی تر نیە، ئەو بەزمانی فەرهەنگی تایبەتی خۆی کە فرەماناو قوڵ و بۆچونە جەوهەری بابەتەکانی دەخاتە ڕوو. شێوازی دیلان پڕوشەو پڕواتاییە و ئیقاعی شیعریی و موسیقای شیعری سیمایەکی ڕوونی تری شیعری ئەون.

لێرەوە لەزەبری داگیر کەرانەوە ڕۆحیەتی ئازادی و بەرخودان ڕووبەرێکی فراوانتر دەتەنێتەوە، ئەمەش ڕۆحیەتی هاوسەنگی نێوان شۆڕش - داگیرکەر نیشاندانی هەڵواسین و کوشتن، پیادەکردنی دەسەڵاتی زەبرە کەبنەمای بەرقەراری دەسەڵاتی تۆقاندنە، جۆرێکەلە فیکشنی ئایدرۆلۆجی، قوربانیدان وەڵامدانەوەیەکی توندی ئایدۆلۆجیای تۆتالیتاری شمولیە ئەمەش شەرعیەتی سستمە زۆردارەکان دەخاتە ژێر پرسیارە ئەخلاقیەکانەوە و ولێرەوە بونیاتی نەتەوەیی هێز لەقوربانیدانە وە وەردەگرێ، هەر ئەمەش دیلان گوتاری وەك ژەهر لەدڵی ڕژێمی ئێراندا دەچێنێ. وەڵامی نەتەوەیەك بە ڕووی داگیر کەرانی تۆقێنەردا دەچڕێ.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

**بەشی دووەم: نیشتیمان ــ داگیرکەر لە ئەندێشەی شاعیرانی فارسیدا**

ڕاستەیەکی حاشاهەڵنەگرە بەو پێیەی ساڵی 1905 ز خاڵی وەرچەخانی ژێرخانی ئێرانیە لەهەموو ڕوویەکەوە. بەڵام ناکرێ ئێمە ئاوڕێ لە پێش مێژووی مەشرووتە نەدەینەوە و یەکسەر قەڵەمبازی شۆڕشی مەشروتە بین و نادر شای قاجاری دەکوژرێ و هەموو ئەو سەروەریانەی بۆ ئێرانی بەدەست هێنابوو لەبەین دەچێت ((می دانیم کەنادر شاه کشته گردید، ان بزرگی کە با کوشتهای خود برای ایران پدید أورده بود از بین رفت. )) کسروی. 1379. 618

هەرچەندە کەریم خانی زەند بووە جێنشینی، شتێکی ئەو تۆی بەمێژووی ئێران نە بەخشی ولەهەمان کاتیشدا لە شکۆی کەم نەکردەوە، نەهامەتی و بێ توانایی سەراپای ئێرانی گرتەوە، ئەمەش هاوتای گۆڕانکاریەکانی ئەورووپا بوو دەرەنجامی لاوازی دەوڵەتی قاجاری کاری گەیاندە ئاستێك کەلە ئێراندا دوو دەوڵەت لەباشورو لەباکوری ئێراندا دروست بین و ئێران لەم بارەدا بێدەسەڵات و ناتەوان لە ڕوداوەکانی دەروانی وەك خانە خوێیەکی هیچ لەبارا نەبوو، شکستەکانی محمد شاه و ناصرالدین شاه بەرامبەر ئینگلیزەکان و فەتح عەلیشا ) بەرامبەر ڕوسەکان، ئێرانیەکانی نەجوڵاندو هەرکەسێکیش دڵسۆز وپاك بوایە و خوازیاری گۆڕانکاری بوایە مردن چاوەڕێی دەکرد، ئەمەش بە ڕوونی لەمیرزا تەقی خاندا بەدی دەکرێ لەزەمانی ناسرەدین شادا. کاتێ ویستی چاکسازی دەوڵەتی و بەڕێوەبەری بەرەو پێش بەرێ، بەدەستی ناسرەدین شاه کوژرا، ئەمە حاڵی ئێران بوو کە پشێوی سەرتاسەری گرتبویەوە.

((جنگهای ققفاز کەباوجود مساعی عباس میرزا بەشکست منتهی گشت در اواخر عهد فتحعلیشاه فساد سیاست و ضعف و نظام دولت قاجار را بر ملامت ساخت.. وروی کار أوردن مفسدان ومغر ضان أن خللها را افزود )). زرین کوب. 1388. 453
ئەدیب مەمالیکی فەراهانی لەمبارەوە دەڵێت :

غصه قیس وقصئه لیلی حرف محمود وسر گژشت أیاز
کهنه شد این أفسانها یکسر کن حدیپ نوی وسر أغاز
هوس عشقبازی ار داری با وطن هم قمار عشق بباز
زرین کوب. 1388. 458

لێرەوە نیشتیمان دەبێتە جەوهەری ئامانجی شیعری، هەروەها فتح الله خانی شیبانی دەربارەی جەوری پادشایانی ستەمکارو بڵاو بونەوەی جەورو ستەم لەم قۆناغەدا دەڵێت :

کاخ بزرگ ملوك رفته نظر کن
أنچه بودازخشت خام وانچەزپولاد
هرچە بنایش بەعدل بودوبەپای ست
انچەزبیدادبود جملەبرافتاد
شکیبا. 1370. 218، 219

لێرە بەدواوە بنەماکانی گۆڕانکاری لە تەواوی ڕووەکانەوە پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێی شیعری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فاکتەری ئەم گۆڕانکاریانەش پەرەسەندنە نوێیەکانی گۆرەپانی ئێرانی بوو، پەیوەندی و تێکەڵی ئەورووپاییەکان و هێنانی ڕۆژنامەو تەلگرام و دەرکەوتنی کەسانی ڕابەرو دڵسۆز وەك سید جمالە دینی ئەفغانی و دامەزراندنی خانەی هونەرو هاتنە کایەی میرزا ملکم خان و بڵاوبوونەوەی بیری ئازادی و نوێخوازی، ئەمانە وورده وورده بوونە بنەمای بێداری و هاوئاهەنگ ڕۆشنفکرانی دەرەوەی ئێرانیش کەوتنە خۆ لە بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەو دەرخستنی ڕووی ناهەمواری ناوەوەی ئێران، ئەمانەهەموو یەکیان گرت بۆ هاتنەی کایەی دەورانێکی نوێی سیاسی - کۆمەڵایەتی - ئەدەبی کەبە قۆناغی مشروتە لە مێژوودا دەناسرێ.

((تاسیس تلگرام و ڕۆزنامه ڤهور سید جمال الدین.. میرزا ملکم خان وا شاعه افکاری راجع به أزادی وتجدد نیز رفته موجب بیداری بعچ أژهان مستعد وپرشور گشت )). زرین کوب. 1388. 453. 454.

**قۆناغی بێداری گەلانی ئێران**

سەرەڕای پشێوی دەوڵەت و بڵاوبونەوەی ئاژاوە جڵەوی کار لەدەست درابوو، ئەمانە هەموو لەلایەك قاجاریەکان سەروەری ئێرانیان خستبووە مەترسی و تەواوی ئیمتیازەکان درابوونە دەست کۆمپانیا بیانیەکان، کەبەناوبانگترینی ئەو ئیمتیازانە (( ئیمتیازی


DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

توتن )) بوو لەساڵی 1881 – 1990 کە ئینگلیزەکان بەپێ ی ئەم ڕێکەوتنە فرۆشتنی توتنی ئێرانی لەناوەوە دەرەوەی ئێران پێ بەخشرا بەڵام بەرامبەر ئەمە ئێران پانزە هەزار لیرەی بۆ خەزێنەی دەوڵەت وەردەگرت.

ئەمە لەکاتێکدا کەلە تورکیادا زۆر لەئێران کەمتر توتنی بەرهەمدەهێنا ساڵانە حەوت سەدهەزار لیرەی بۆ خەزێنەی دەوڵەت وەردەگرت، ئەمە بووە هۆی دەربڕینی نارەزایی لەتەواوی ئێراندا.

((در سال 1268 - 1306 ه. ق ناصرالدین شاه امتیازی دیگری داد کەشنا ختە ترین أنها امتیاز توتن و تنباکو بود ))
کسروی. 1379. 74

خیانەت کاران لەدەوڵەتدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، کەسێکی وەك ئەتابەك کەرِوسەکان کەڵکیان لێوەر دەگرت بووە جێگەی توانج و تانەلێدانی لەلایەن شاعیران و سیاسیەکانەوە.

قەسیدەیەگی (فخر الواعظن ) ی کاشانی بەرِوونی هێرش. دەکاتە سەر ئەتابەك و دەڵێت :

کاسەلیسی تو از روس ندارد پمری
کاین سیەکاسە در أخر بکشد مهمان را
سەرچاوەی پێشوو.. 1379. 83

جێی وەبیرهێنانەوەیە نوسینەکانی ((عبدالرحیم طالبوف)) ی تەبرێزی و سیاحەتنامەی ((ئیبراهیم بیگ)) کاریگەری زۆریان لەسەر بێدارکردنەوەو وشیار کردنەوەی گەلانی ئێران بوو.

لێرەوە شیعری نیشتیمانی ڕۆڵی بەرچاوی لە بێدار کردنەوەدا هەبوو، چونکە زۆرێك لەمانە ئاشنای ژیانی ئەورووپاو پەرەسەندنەکانی بوون، یەکێك لەوانە حاجی محمد اسماعیل منیر لەمبارەوە دەڵێت :

عنکبوت ار لانە دارد او دار د وطن
عنکبوت أساهم دور وطن تاری بتن
بر حفظ لانە خود می کند تاریعنکبوت
سەرچاوەی پێشوو. 1379، 115

لەڕاستیدا دەنگە شیعریەکانی ئەم قۆناغە هەمان دەنگە شیعریەکانی پێشو ترن کەبە (عصر مدیحە های مکرر) ناسراون کەناودارترین یان :

(( صبای کاشانی - سروش اصفهانی - یغمای جندقی -قا انی شیراز ی)) ن. ئەمانە لەڕێڕەوی پەرەسەندنی شیعری فارسیدا فەرامۆش کراون و پێگەیەکی شیاو لەخۆ ناگرن، چونکە وێنەیەکی کت و متی شاعیرانی فارسی سەدەی پێنجەم و شەشەمی هیجرین، نامانەوێ زیاتر لەسەردەمی پێش مەشروتە لەمە زیاتر بدوێین چونکە بابەتە شیعریەکانیان (مەدح ) ستایشی پاشاو میرەکانن، بەکورتی بەم قۆناغە دەوترێ (یك دورە بیخبری ). پور. 1379. 223

گرنگترین شتی ئەم قۆناغە غەمی نیشتیمان بوو، ئەمەش بەهایەکی ئایدۆلۆجی بوو بەمانای خود ناسین لە ڕەهەندی نیشتیماندا. کەدواتر بەجوانی لەقۆناغی داهاتودا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش سەرچڵیەکی چارەنووس بوو لەقۆناغێکی هەستیاردا، کەتیایدا بنەما شەرعیەکانی پایەکانی دەسەڵات، کەنیشتیمانیی هاویشتبووە باوەشی داگیر کەران و ئەمەش خەمی نیشتیمان قۆناغی مەشروتەیە.

بەواتا زۆرانبازی لە نێوان شەرعیەتی دەسەڵات و ناسنامەی نیشتیماندا. ئەمەش ستراکتوری گەمەی ئەو دەمەی نێو دەوڵەتی بوو. کەواتە پرەنسیپی سەروەری نەتەوەیی لەپڕ مەترسیدارترین ساتە وەختەکانی مێژوویدا، ئەم قۆناغە دواتر لێك ترازانی ڕەهەندی چەمکی نەتەوەو نیشتیمانە لەنێوان کوردو فارسدا، دیارترین خەسڵەتی دەورەی بێداریە پێش مشروتە بینینی جیهانەبەڕاوەستاوی و هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی تێدا بەدی ناکرێ بەتایبەتی لەڕووی کۆمەڵایەتی یەوە. لای ئەمانە جیهان پوکاوەیە و هیچ جوڵەیەکی تێدا نیە. کدکنی. 1359، 2، 2

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

ص:33-55 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ناسیۆنالیزمی مۆدێرنەی سیاسی لەقۆناغی مەشروتەی ئێراندا**

لەگەڵ هەموو ئەو گرنگیەی کەمەشروتەی ئێرانی لەزەمینەسازی مۆدێرنەی سیاسی ئێراندا هەیبووە لەڕووی تێڕوانینی نەتەوەییەوە یا ڕونتر ناسیۆ نالیزمی نەتەوەییەوە، مافی تەواوی نەدراوەتێ ولەڕووی مێژووی کۆمەڵایەتیەوە مەشروتە وێنەی چەند لایەنەی ناسیۆ نالیزمی ئێرانی بوو، کەلەم قۆناغەدا خەمڵیبوو، ناسیۆنالیزمی سیاسی ئێرانی لەڕوویەکەوە چەکەرەکردووی قۆناغی مەشروتەیە لەسەر بنەماو دیدی حاکمیەتی نەتەوەیی و دەوڵەتی یاسا، کەئەمەش لەڕوویەکی ترەوە ڕووبەڕووی ناسیۆ نالیزمی فەرهەنگی بویەوە، بەواتا بابەتی نەتەوەو حاکمیەتی نەتەوە لای مەشروتە خوازان جەوهەری تێڕوانینەکان بوو لەڕاستیدا ناسیۆ نالیزمی ئێرانی لەم قۆناغەدا لەدەرەوەی نەتەوەی فەرهەنگیدا بوو، وە ڕووەو نەتەوەی سیاسی هەنگاوەکانی قایم دەکرد، ئەمەش دواتر دەرهاویشتەی نەرێنی لەقۆناغەکانی دواتردا دەردەکەون، ئەمە لەکاتێکدا دەبوو هەنگاوەکانی ناسیۆ نالیزمی نەتەوەیی قۆناغی مەشروتە مۆدێلێکی فەرهەنگی نەتەوەیی ئێرانی بێت، یالیبرالیزمێکی ئیرادە گەریانەی ئێرانی بێت((از نظر اسمیت ناسیونالیسم فرهنگی برساختن ملت فرهنگی وکارووێژە ناسیونالیسم سیاسی برساختن ملت سیاسی است )) جامعە شناسی تاریخی. دورە شمارە 1395

بەکورتی مەشروتەی ئێرانی لەبنەڕەتدا ئەنجامی ناسیۆنالیزمی سیاسیەو دواتر ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی لەدەرەنجامی کاردانەوەی ناسیۆ نالیزمی سیاسیدا هاتە کایەوە و دەسکەوتەکانی ناسیۆنالیزمی سیاسی خۆی لەدارشتنی یاساکان، شێوازی دەوڵەتی نوێ، مافی میللی حاکمی نەتەوە، یەکسانی، ئازادی.. هتد بینیەوە.

بەڵام تێڕوانینی گشتی لەچوارچێوەی عەقڵی مەزهەبیدا چۆکی داداو مەزهەبی شیعە گەرایی بووە بنەمای گشتی دەوڵەتی ئێرانی دەمی مەشروتە، کەتا ئێستاشی دەرەنجامەکانی لە گۆڕەپانی سیاسی ئەم ڕۆشدا دەبینرێ بەرۆکی گۆڕەپانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گرتووە، بەڵام ئەم بۆچونە بەرەو جۆرێکی تر لەبۆچونی ناسیۆ نالیزمی ترمان دەبات کەنابێ بەسەریدا گوزەر بکەین، ئەویش ناسیۆ نالیزمی ئاینییە، واتە بە تێڕوانینێکی پان ئیسلامیزم ڕوانین لەجیهانی ئیسلام. کەئەمەش بونیاتی تێڕوانینی تیۆرستانی ناسیۆ نالیزمی نەتەوەییەو پاڵپشت کراو بەئاین، نمونەی ئەمەش اقبال لاهوریە کە دەڵێت.

از عراق وروم و ایرانیم ما
شبنم یك صبح خندانیم ما

کدکنی. 1359. 38، 39

لەڕووی فەلسەفیەوە گۆشە نیگای ئەم دیدە لە یۆتۆپیایەك زیاتر هیچی دی نیە، کەئەمەش مۆدێلێکی خەیاڵی دەوڵەت داریە، کەدەبوو ئەمە وگەندەڵی و لاوازی دەوڵەتی ئێران ئەم قۆناغە بوار ڕەخسێنەری مۆدێلێکی دەوڵەتداری فەرهەنگی بێت لەزەمینی ڕۆشنبیران و شاعیران و سیاسیەکانی ئێراندا فەلسەفی خۆی بکات کەئەو یۆتۆپیایە خوازیارە جێگایەك یا زەمەنێك بەدەست بهێنێتەوە، کەلەمێژە لەدەستی داوە وفرمێسك ڕشتنەبۆتەختی جەم. وەك ڕژانی فرمێسکی عەرەبانە بۆ ئەندەلوس.

لەبەرامبەردا زەمینەیەکی تر سەری هەڵدا کەتەواو پێچەوانەی ئاراستە دینیەکە یا چەمکە ئاینیەکە بوو، ئەویش جۆرێك لەلادان گەراییە لەباوگەرایی کۆمەڵگەی ئەو دەمەی ئێرانی کەئەمە بەڕوونی لە (عشقی ) شاعیردا دەبینرێ.

قصە ادم حواهمە وهم أست و دروغ
نسل میمونم افسانە بود از خاکم

کدکنی. 1359. 47

ئەمە لە ڕاستیدا بیری ڕۆشنبیرێکی ئێرانی ئاشنا بە زمان و کەلتوری فەرەنسیەو لەژێر ئەو کاریگەریەدا هەنگاو دەنێ، ئەمە دروستە بۆ وڵاتێك کەلەقۆناغەکانی گەشەی ئابووری. کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی تیایدا بەکامڵ بوون گەشتبێ، بەڵام لێرەداو لە ئێراندا هێڵ هێنانە بەژێر هێزی دژە حەقیقەتدا بۆ تێکشکاندنی کۆنتێکستە ئاشناو باوەکان، ئەمەش گونجاو نی یە لەپێوەرە هەبوەکانی واقعی ئێراندا کەکایەی مەعریفی لەنزمترین ئاستیدایە، لێرەدا عشقی خودی بەئاگا دەدوێنێ و لەهەمان کاتدا بانگەشەیەکی یا پرسیارێك دەخاتە نێو مێژووی خۆیی و نائەقلانیەتی ئێرانی کە ئامانجی یاخیبوونەکەی چاو کرانەوەی گشتیە لە ڕێرەوی مێژووی وەچەرخانی بنەڕەتی لە ئێراندا.


DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:33-55
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەڕاستیدا عشقی نیە خاوەنی ئەم بۆچوونە لاهوتیە بێت، بەڵکو عارفی قزوێنیش هەمان تەرز دەخەنە ڕوو، ئەمەش لە ڕاستیدا پەرچەکرداری لاهوری و هاوشێوەکانیەتی کە پەسەندایەتی لەمەزومەی ئیسلامیدا هەندێك لە هەندێکی تر پەسەند ترن، کەلەڕستیدا شەرعیەت دانە بەدەسەڵاتێکی پاساو دراوی دەسەڵات ڕەها.

**بەشی سێیەم: نیشتیمان لەبونیاتی شیعری ئێرانی سەدەی داگیر کاریدا**

نیشتیمان پرۆسەی ناسینی دیدێکی ڕۆشنبیری کراوەیە لەبازنەی تێڕوانینی عەقڵیدا کەلەقۆناغێکەوە، لەنەتەوەیەکەوە بۆ ئەوی تر پێناسەی جیاواز لەخۆ دەگرێ، کەکایە ڕشنبیری و سیاسیەکان ڕۆڵی سەرەکی لەم ناساندنەدا دەبینن.

ئێران بەدرێژای مێژووی لەدایك بوونەوە لەژێر هەژموونی باڵا دەستی یەك نەتەوەدا بەڕێوە براوە، ڕوناکبیرانی ئێرانی بەشاعیرانیشەوە نەیان توانیوە لەژێر بارگرانی ئەو بیرەپان ئێرانیزمە – فارسیە دەربچن کەلە هاخا مەنشیەکانەوە ئێستاشی لەگەڵ دا بێت دەربچن و ببنە بەشێك لە ڕەخنە گرانی نەتەوەی فەرهەنگی بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی ئەو چوارچێوە کۆنەی شوناسی نەوەی نادیموکراسی لە ئێراندا، بۆیە ناکرێ شوناسێکی نوێ بێ پشت کردنە دوالیزمی مەزهەبی و ئەنتی نەتەوەکانی دی بەرهەم بهێنرێ. هەموو نەتەوەیەك بوون و جەوهەری بوونی ئەزەلی نین، بەڵکو پێی دەبەخشرێت بەهەل و مەرجە بابەتی و ناوخۆیەکان، ئەمەش بەها پێدان و بەخشینی ڕۆحی دیموکراسیە بەهەر کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەییەوە، بۆیە شاعیرانی ئێرانی لەبازنەی ڕەهای بیری زاڵی فارسی و مەزهەبیدا تائێستاش دەناڵن، ئەمەش چەمکە ڕەهاکانی حوکمی موتڵەقن.

شاعیرانی ئێرانی، ئێران لایان تایبەتمەندیەکی موتڵەقەو لەئاماژە شیعریەکانیشیاندا ئەو ڕەها بوونە دووبارە دەکەنەوە، وەك حوکمی کەیانی ئێرانی - مملكت داريوش، گەلێکی تریش، کەئەمەش نەتەوەی فارس لە ئێراندا دەبیننەوەو ئێران چەقی ناوەندی هەموو هێزو عەقڵی ڕەها بونەکانە لە داریوشەوە بۆ ئێستاش شۆڕ بۆتەوە، ئەمەش خاڵی لێك ترازانی ئایندەی هێزوو عەقڵی ڕەهای پان ئێرانیزمە لەگەڵ فەرهەنگی نەتەوەی دیموکراسیدا.

بەهار شاعیری ناوداری ئێرانی لە 20 ساڵیدا پەیوەندی بەڕیزی مەشروتە خوازانەوە کردو لەگەڵ هاوڕێیانی تردا ڕۆژنامەی (( خوراسان )) یان بەنهێنی دەرکردو یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی خۆی لەم ڕۆژنامەدا بڵاو کردەوەو دیارترین بەرهەمی قەسیدەیەکی (( مستزاد )) بوو لەساڵی 1325 ق لەسەردەمی محمد علی شادا.

باشه ایران ز آزادی سخن گفتن خطاست — كار ایران باخداست
مذهب شاهنشه ایران أز مذهبها جداست — كار ایران باخداست

بهار، 1361. 141

بەهار دەلالەتێکی سیاسی لەتەمەنێکی لاویدا دەخاتە ڕوو، کەنیشاندانی وابەستە بوونی زەینی ئەوە لەئامادەکردنی مێژوویەکی ڕەهاو عەقڵی ڕەهادا، لەهەمان کاتدا ڕۆڵی بکەری ناسەرەکی یا پاشکۆیی دەگێڕێ بۆ بەرپا کردنی ڕێنیسا نسێك لەتوانای ئەوانی تردا ئەمەش گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی سەرتاپا گیریە، لەهەمان کاتدا هۆشمەندیەك لەهەناوی ئازادیدا دەخەملێنێ، ئەمەیە بیری بۆ ماوەی عەقڵ و نەتەوەی ڕەها لەزەینی لاوێتیدا کەبەر هەمەکەی لەساتەوەختێکی هەستیاردا لەدایك دەبێ، لەکاتێدا ڕوس، ئینگلیز، ئێران دابەش دەکەن بەپێی پەیمان نامەی ساڵی 1907 بۆ دوو بەش بەهار دەقێك دەخاتە بەردەست کەدەبێیە یەکێك لەدەقە گرنگ و ناودارەکانی ودەبێتەباسی سەردەمەکەی لەژێرناوی(پیام بەوزیرخارجە نگلستان )کەتیایدا دەڵێ :

سوی لندن گذر ای پاكنسیم سحری
سخنی از من برگو به سر ادوارد گری

انتشارات توس. 1368. 20

بەهار وەك تاکێکی ئێرانی سێبەرە لێڵەکانی ئەو ڕێکەوتنە لەسەر دیواری مێژووی تەم و مژاوی دۆخی ئێرانیدا دەبینێت، ئەمەش مەعریفەیەکی ڕاستەو خۆی عەقڵی ئەفسوساوی ئەوە بەپێچەوانەی وەهمە ڕتوش کراوەکان. ئالێرەدا بەهاری شاعیر فۆڕمێکی دواندنی مۆدێرن لەگەشبینی ئازاری بەڕووی کەسی دیاری بەرامبەردا واڵا دەکات، لێرەدا گەشبیری دیالۆگ ئامێزی بناغەکانی فۆرمی بوونی ئێرانی بەرجەستە دەکات، بونێك دەناڵێنێ، نەك لەترسی شوناسدا بێت، ئەمەیە دەستکەوتی فیکری بۆ تاکێك کە ڕوانینە قەتعیەکانی لەناسیۆنالیزمی نەتەوەییدا خەملیوە و دەخەملێ ئەمە بەڕوونی لەم دەقەی خوارەوەیدا دەردەکەوێ کە دژی ڕووسە داگیر کەرەکان دەڵێت:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هان ای ایرانیان : ایران اندر بلاست
مملکت داریوش دستخوش نیکلاست
ایران مال شما ست
کز دوطرف می برند ثروت وناموستان
سەرچاوەی پێشوو 1368 257- 258

پێمان وابێت شاعیر تەنها بەسۆز مامەڵە دەکات ئەوا بەهەڵەدا دەچین، چونکە بەهار بەئاگاییەوە یاری بەزمانی وشەکان و مێژوویەکی دوڕاوی لەبیر کراو دەکاو دوا لیزمەی دین و نەتەوە لەئاستی دوو فاکتدا دەنێرێتە نێوناخی هەرتاکێکی ئێرانی، لەیەکەمدا ئێرانی مەزهەبی توند ڕەو سازش لەگەڵ ڕاستی ڕەهای بنەمای بونیدا هەرگیز ناکا جەوهەری بوونی دووەمی لەمێژووی ئەردەشێردا بەرووی ئێرانیاندا دەداتەوە. کەخودی شاعیر بنەمای تەکنیکی دەقی لەسەر ئەم لایەنە هەڵچنیوە، چونکە نایەوێ ڕاستیە ڕەها بونیەکانی ئێرانیزمی ئەردە شێری ڕەوایەتی مێژووی خۆی لەدەست بدات، یا یۆنیڤێرساڵی خۆی ڕەوانەی ئاوا بوونو قەدەربکات یاری زمان لای بەهار پلۆ ڕالیزمە کراوەو بەلێهاتویی تێکەڵی زمانێکی لۆکاڵی کراوە کەتیایدا ئامانجەکانی لە دوو توێی ئەو زمانە لۆکاڵیەدا پانتایی عەقڵی ڕەهای ئێرانیەکان دەلاوێنێتەوە، ئەو دەیەوێ دووبارە ڕاستیەکی فەرامۆش کراو لەزەمینی تاکی ئێرانیدا لە نێوان هاخامەنشی و ساسانی و تاکی ئێستادا زیندوو بکاتەوە، بەواتا کۆنتاکتی مێژوو ئێستا، سەروەری و دارمان لە چرکەساتەکاندا یەکانگیری و هاوتایی زەمینەکانە، بەشێوازیك کردەی زمان وياری زمان و گێرانەوە و ئێستابەیەکدا بکات. ڕۆشنبیری شاعیر میراتگری عەقڵی فیردوسی و ئەنوەریە، کەتەنانەت لەڕەوتی نوێبوونەوەی شیعریشدا بەهار بەتوندی وەستایەوەو بنەمای کلاسیکی خۆی لەدەست نەدا، سەبارەت بە جەورو ستەمی ئینگلیز بەهار هەراسان دەکات و لەم پێناوەشدا چەرمەسەری زۆری دیتە ڕێ - ئەوەتا لەساڵی 1921 دا لەمبارەوە دەڵێت :

ظلمی کەانگلس درین خاك وأب کرد نەبیو راسب کردو نە افرسیاب کرد
از جورو ظلم تازی وتاتار درگذشت ظلمی کە انگلیس دراین خاك واب کرد
انتشارات علم. 1381. 568

لێرەدا ڕەهەندی ئازادی لە فەرهەنگی بەهاردا ئاوەزمەندیەکی ئاگامەندانەیە، لویس برندیس دەربارەی ئازادی دەڵێت :

(( گەورەترین مەترسی ئەوکاتە دێتە سەر ڕێگەی ئازادی، کەسانێکی بەهەست بەویستی خێرخوازانە و پاکە. بەڵام لەڕووی نەزانینەوە دێنە مەیدانی ئازادییەوە)). ئایدیا 109

لێرەدا بەهار تاکێکی ئاوەزدارەو لەگەڵ خۆی ڕووبەڕوو دەبێتەوە و شێوازە باوەکانی تێڕوانین بۆ ئەوانی دی بەتەواوی دەگۆڕێ، بەهار ڕوانینە لیبرآلە تاکیەکە بەلادا دەنێت و سنوری ئازادی و چەقی زوڵم. بەیەکدا دەدات و ڕووبەری خاك و مێژوو زوڵم و ئیرادەی خەڵك لە پێناسەی گشتیدا دەخاتە ڕوو، لەدەرەنجامدا سیاسەت و ئازادی و مێژوو هاوتای یەك دەکات، بهار خوازیاری خوڵقاندنی ئەندێشەیەکی سیاسی لە عەقڵێکی کلاسیکی باودا بوو، ئەمەش بەڕای من یەککرتنەوەیەکی گونجاوە لەگەڵ بۆچوونەکانی (( هانا ئارنێت )) دا دەربارەی ئازادی و مرۆڤ، چونکە ئارنێت هەڵوێست و کردە گشتیەکانی مرۆڤ لەگەڵ سیاسەتدا یەکسان دەکات، بەڵام لێرەدا کردە گشتیەکان لەبازنەی تێڕوانینی بەهاردا لەمێژووی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و مێژووە ڕەهاکەیدا دەتوێتەوە، چونکە چەند ئامانجی (بەهار ) لەبۆنەی ئازادیدا بەرهەم بهێنرێ، ئەوەندە لەبیری خستنە ڕووی ئەفسانەکانی شاهنامەی فیردوسی باوکی ناسیۆنالیزمی فارسیدایە، لێرەدا بهار خودێکی تاکگەرایی ئاناریشستانە لەمێژووی جوغرافیای خەیاڵدا وێنەکانی ئازادی دەکێشێ و لەیاریکردنی زمان و واتای زەمانیدا گوتاری ناسیۆنالیزمی بەرتەسکی مێژووی ئێران دەخاتەوە نێو ماڵی ئێرانی کەئازادی بەهێزترین چەمکی بەکارهێنانیەتی.

غەمی (بهار) تاکێکی ئێرانی یە کەدەسەڵاتدارانی دەرگایان بەڕووی بەتاڵانبردنی سامانی ئێراندا کردۆتەوەو بەئاگاییەوە ئامۆژگاری - محمد علی شاه - دەکات، کە بانگهێشتی هێزەکانی ڕوسیای بۆ ناو خاکی ئێران کردووە.

پادشاها نصیحتم بشنو مملکت را بە دست روس مدە.
انتشارات علم. 1381 1068

DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

لێرەدا گوتاری (بهار) ئاراستەی گرفتێکی عەقڵی شایەك دەكات، كەناسنامەی شارستانی وڵاتەکەی لەوانی تردا لەدەست دەدات، ئەمەش بیر خستنەوەی ناواخنی بیرێکی ڕەخنەییە کەلەوی بەرامبەردا بوونی لەدەستداوە، بەمەش (بهار) دەست بەسەراگرتنی بیری بەرامبەری بۆ خولڤاندنێکی نوێی پێچەوانە ئامادە دەكات.

کەئاکارێکی نوێی لێبخاتەوە، بهار وریایانە ئامۆژگاریەکانی وەك شێوەیەك لەشێوەکانی ویست بۆ هێز یاخود دەسەڵاتێ بەسەر ئەوی تردا دەسەپێنێ ئەمەش خولڤاندنی دەسەڵاتە لەوی لاوازدا، ئەمەش بۆچوونێکی مۆڕاڵیە کە خوازیارە بەشێك بێت لە خولڤاندنی ئیرادەی سیاسیدا ئەگەر نەڵێین فەرمانڕەوایدا.

(بهار) ڕووبەرێکی فراوانی بۆشایی هەستنەکردنی سیاسی یا ئیفلیجی ئیرادەی حوکمداری لەوی بەرامبەردا هەست پێدەكات لێرەدا هێزێکی باڵا خۆی پەلکێشی ناوەندێکی تاریکی بیرکردنەوە دەكات و دەلالاتێکی واتایی لەزەینی ئەو عەقڵە ئاراستەی پانتاییەکی فراوانتر دەكات کە ڕوبەری خەڵکەو لەهەمان کاتدا بۆشاییەك وێنا دەكات، کەپێکهاتەیەکی ناکردەی ئیفلیجە لەدەرەوەی خولڤاندنی ڕووداوەکانە، شاعیر لەدەمێکی بێ ئومێدی دا دەژی و هەموو هەڵچنینەکانی لەگوتارێکی واتایدا بەزمانێکی لۆکاڵی دەهاوێتە نێو بازنەی بۆشای بریاری سیاسی شای ئێرانەوە. ((بهار)) لەم دەقەی خوارەوەیدا گاڵتە جاڕی بە ئینگلس دەكات، بەڵام لەڕاستیدا ڕۆڵی بکەرێکی پایە بەهێز دەبەخشێتە سبەی. خودیش دەکاتە ئەڵقەیەکی پەیوەندی کارای پەیوەندی دار، کەئامانجی خولڤاندنی دەسەڵاتێکی مێژوو حەتمیە لەدوالیزمی ئەوی پیرو بەرەو پوکانەوە چوو، منی خاوەن سبەی ئەمەش بەرجەستە کردنێکی ئیرادەییە کەچاندنی لۆجیکی دەسەڵاتە لەناخی ڕوخاوی ئەمڕۆدا.

لێرەدا بەهار لەدیوی یەکەمدا نیشاندانی ڕوخساری مەرگاوی وڵاتێکە و لەدیوی دووەمدا هەڵوەشاندنەوەی ڕوخساری مەرگە ساتەکەیە، وێرانسازیەکی مێژوویی ڕووبەڕووی ئەوی داگیر دەکاتەوە ڕونتر داڕمانی عەقڵیەتی داگیر کاریەو دیوێکی نەلیزسمی. یا پوکاو دەکاتە ئاکامی کۆتای ئەوی خوێن ڕێژو ستەمکارو دەڵێت

کفایه از أنگلیس

ای زور اور که خون ما خورده پریر — وی بسته فروقماط ما با زنجیر
امروز توکاملی وما رشد پریر — فردا باشد که ما جوانیم و توپیر

انتشارات علم. 1092. 1381

بهارلەم دەقەی خوارەوەدا بەداخوازیەوە گوتاری خۆی دەخاتە ڕوو لەڕاستیدا لەدوو ئاستی جیاوازدا گوتاری خۆی پێشکەش دەکا یەکەم ئاستێکی گشتی یانزمە کەخۆی لەکۆمەڵانی خەڵکدا دەبینێتەوە بەرەو ئاستێکی تر کە بەرزترەو خۆی لەدەسەڵاتی فەرمانڕەوادا دەبینێتەوە.

بهار هەڵسەنگاندنێکی ڕامانەکی یا دەست نیشانکەر بەسەر پرسێکی گشتی دا دەخاتە ڕوو، بەدیالۆگێکی پرسیار ئاسا ؟ ئەمەش هەژاریەکی ڕۆشنبیری پەککەوتەی کۆمەڵگایەکی غەفڵەت زەدەیە، کە ئەم هەژاریە ڕۆشنبیریە یا درکنەکردنە هەژاری و ماڵوێرانیەکی سیاسی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ هەرگەڵێك چەوساوە بێت ئەوا کەم و کورتیە بیریەکانی لەهەڵکشاوترین ئاستی دایە گوتاری بەهاریش گوتاری شاعیرێکی ڕۆشنگەریەو کۆمەڵ دەکاتە بکەرێکی کارای مێژوو دروستکەر، هاندان و جۆشدانی بهار ئامرازێکی سەرەکی ناساندنی جەوهەری مشەخۆرانێکە کەبونەتە مۆتەکەی سەرسنگی ئێران، بێدەنگی ئێوە ژیانی ئەوە تێکشکانی ئێوە تەمەن و ئیرادەی ئەوە، لێرەدا هاندانی کۆمەڵ بۆ وەدەرنانی ئەمانە تازە بوونەوەو لەدایك بونێکی نوێی مێژوویی یە بۆیە داخوازی لەگەڵ ئامرازی بەهێزی دەستی شاعیرە لەهەمان کاتدا گوتاری (بهار ) بۆ ئێرانیەکان ڕۆشنبیریەکی ڕەخنەیی خامۆشی گشتیەو دەڵێت.

ای مردم دلخون وطن ! دغدغه تاکی
چون شەز وطن دل بکند، دل بکن ازوی

انتشارات توس. 1368- 337

لەقۆناغێکی ئاڵۆزو ناهەمواری وەك ئەو دەمەی ئێراندا کەزیاتر بەقۆناغی کارەساتاوی و خیاناتاوی دەناسرێ، عشقی وەك لاوێکی ئازادخواز دەرکەوت خوێن گەرم و پڕجۆش و ئارام نەگرتوو گڕ گرتوی ئەو بارە ناهەموارەو بەردەوام هەڵچوو، ئێرانی بوونی نیشتمان دۆستی، وای لێکردبوو کەهەمیشە تۆفاناوی بێت ودامرکانەوەی مەحاڵ بوو. ئەمانە بوونە هەوێنی بەرهەم ئاگرین و بیری هەڵچووی ئەوکە بەرهەمەکانی بۆنی خوێنی لێدەهات و یەکێك لە گوتارەکانیشی بەناونیشانی ((عید خون )) بڵاو کردەوە و

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

ص:33-55
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەتەواوی وتارە ئاگرینەکانی دا لەتاران، هەمەدان، ئەسفەهان، بۆنی خوێن یان لێدەهات بەسەختی دژایەتی دەسەڵاتداران و گەندەڵکارانی دەکرد - هەرچەندە ئەو لەڕاستیدا کەسێکی پاك و پارەو مادیەتی بەلاوە گرنگ نەبوو، چونکەبارگرانی ژیانی خێزانی لەسەر نەبوو، هاوکاری کەس و کارو دۆستەکانی ژیانیان بۆ دابین دەکرد.

ئەمانە هەوێنی شیعری عشقیان چەکەرە پێکردو سەرەرای کورد بوونی بەڵام ئێرانیەکی تەواو بوو:

زدلم دست بداريد كه خون ميريزد — قطره قطره دلم از ديده برون ميريزد
كنم از درد دل از تربت هخامنشى — از لحد بر سرأن سلسه خون ميريزد

عشقی. ؟. 224

عشقی گوتارێك لەبونیاتی شیعری ئێرانی لەو قۆناغەدا بەرپا دەکات کە یادیالۆگێکی گڕگرتووی شاراوەیی ناخەو لەعەقڵی ئەوانی دیکەدا بەرجەستەی دەکات لێرەدا فریادی زامانی ئەو هەتوانی لەئامادەکردنی ڕۆحی ئێرانیاندایە بۆ هەژاندن و سەرفرازی، کەووزەو توانالەمێژووکۆنی شکۆداری ئێرانیداچنگ بخەن، لێرەدا شاعیر مێژوویەکی ڕەشی کوردان دەکاتە دەستپێکی وروژاندن ماکی هەستانەوە جابەئاگایی یابێئاگایی بوو بێت بۆ ئێرانی فیر دەوسی تەواوی ناسیۆ نالیزمی بیری قەتماغە بەستوی زۆرینەی ئێرانیان.

جالێرەدا کوردێك هاخەمەنیشی وەك مێژووی سەروەری ئێرانی بخاتە ڕوو نیشانەی پرسیاری دەوێ ؟ ئاخۆ عشقی بۆ ئەم ناوەی خزاندۆتە نێو دەقێکی شیعری کە کە دو مێژووی جیاواز لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

من لێرەدا دەقێکی تری ئەو دەخەمە ڕوو کەبڕای ئێمە ئەوی شاعیر باوڕ ناکەم مێژووەکانی لەزەمینیدا هەڵنەگرتبێ لەڕاستیدا عەشقیەکان لەسەردەمی ئیسلامیشدا هەرهەمان کارەسات دووبارە دەکەنەوە لەکاتێکدا تەواوی میللەتان ئیسلامیان خزاندە چوارچێوەی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییانەوە عوسمانیەکان دوسەدە مەرکەزی خیلافەتی ئیسلامی بۆ ئەستانە گوازتەوە، فارس لەدواجاردا بە ئاکارێکی ڕووە مەزهەبی کەمتری لە عوسمانیەکان چنگ نەکەوت.

اين خرابەستان نه ايران ماست — ايران خرابه ايران نيست ايران كجاست
اى مردم چون مرده اساده ايران — من دختر كسرايم شهزاده ايران

سەرچاوەی پێشوو.. ؟.. 225

لێرەدا عشقی مێژوویەك گڕ پێدەگرێ کەناخی ئێرانیانی تا سەر ئێسقان پێ داخ بکات مێژوویەك کە بەردەوام تا ئێستاش مەوداکانی شەپۆلێکی گڕ گرتوو بەردەوام بڵێسەی گڕکانی تولّە لەناخیاندا دۆزەخێکەو خامۆش بوونی نی یە.

ئەمە جێدەهێڵم مێژوویەکەو پەیوەست بەباتەکەی ئێمەوە ئەوەندەیە چۆن و بۆ عشقی ئەو بەشە دەخاتە ڕوو، کەئەمەش دووبارە هەژاندنی ویژدان و ڕەوشتی تاکی ئێرانیە، کەبەردەوام گڕکانی تولّە بن، عشقی ئێرانی یا ئێرانی عشقی دوانەیەکی بەئاگای قۆناغێکی مەترسیداری ئێرانیە، ئەی نەدەبوو عشقی کورد بوونی خۆی بەئەندازەی نیزامی گەنجەوی کەمێژوویەکی زۆر کۆنترە لە وبخاتە ڕوو ؟ گوتارو بەرهەمی شیعری نەدەبوو بەرهەم هێنی نەتەوەی فەرهەنگی بێت نەك پان ئێرانیزم؟ عشقی گیرۆدەیی ئێران و لەدەست دانی جڵەوی بڕیاری سیاسی و ناڵاندنی لەژێر بارگرانی د اگیر کەراندا هەراسانی کردووەو دەڵێت :

دستى اجنبى چون كرد، كشورعجم ويران
تخم لق شكست أخر در دهان اين و أن

سەرچاوەی پێشوو... ؟. 285، 284

لەڕاستیدا ئەمە ڕەتدانەوەی بوونی سەردەمێکی هۆشەکیە کەلەپێشتردا پلان و بوونی بۆ کێشرا بێت ئەمەش لە قاڵبێکی هیچ گەرایدا بنەڕەتێکی ڕەگ داکوتراوی سیاسیە، عەشقی لۆجیك مەندانە بەشێوەیەکی ڕەهاو نیهلیستی دەسەڵاتی ئێرانی لەمێژووی خۆیدا دەناسێنێ، گوتارێك ئاڕاستە کراوی ئەوە بۆ ئەوانی تر، کە قۆناغی هۆشەکی و بوون لەبازنەی عەقڵی دەسەڵاتی ئێرانی جڵەو کراودا بێ مانایە، بەڵام لەڕستیدا بنەڕەت یا چەمکی بوون ئاماژەیەکی بەهێزی بونیادی هێزی ئایندیە و لێرەدا بەهاو واتاو ڕەهەندی بیری مرۆڤێکی ئاوەز دارە کەماملەیەکی حەتمی لەگەڵ مێژوودا دەکات و عەشقی بوونێکی ئەنتۆلۆجی دەخاتە ڕوو، کە گەڕان و لێکۆڵینەوەیە لە واتای بێکەڵکی و ئاکارێکی خۆبەدەستەوەدان لە قۆناغێکی ناسکدا پێناسە دەکات، کەئەمە دۆگمایەو مەبەستێکی ئامادەکراو یا لە پێشتر دەگەیەنێ.


DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

لێرەدا شاعیر ئەوەی لەدەسەڵاتدایە واتاو مەبەستەلە ئاسۆیەکی دوری ئایندەدا بخاتە ڕوو، ئێران لەم قۆناغەداشەتەك دراوی کۆمەڵێك پەیمان نامەی سەپێنراوەکە برشتی دەسەڵاتی سیاسی لێ بریوە.

نام دژخیم وطن دل بشنود خون میکند
پس بدین خونخوارا گرشد روبەرو چون مکیند ؟
عشقی. ؟. 309

محمد تقێ بەهار دەڵێت :

((عشقی مثل عارف شاعری است (عوام ) واین نقص حتی گاهی دربهترین اشعار او نیز بەچشم می خورد)). پور. 1379. 366 غەمی عشقی غەمی تاکێکی شۆڕشگێری وشیارە کەخوازیارە پێکهاتەیەکی هاوئاهەنگ لەنێوان بەرهەمی ئەدەبی و زەینی تاکدا بخوڵقێنێ، عشقی نیشتمان بەدیوی نیشتیمانێکی سیاسیدا دەخاتە ڕوو کەلەدەرەوەی نیشتیمانی فەرهەنگیدا پێناسە ی دەکات، ئەمەش لە دەرەوەی هزری شارستانیەتی ئەو دایەو دەربارەی وەتەن دەڵێت :

خاکم بسر، زغصه بسر خاك اگرکنم
خاك وگن کە رفت چە خاکی بسر کنم
عشقی. ؟. 353

عشقی وەك نەتەوە پەرستێکی ئێرانی هزری خۆی ڕەوانەی دیدێکی نامرۆڤ دۆستانە دەکات، لەکاتێکدا ئەو کوردەو بەڵام بەشیعرەکانی کورد دەهاوێتە دەرەوەی مێژووی ئێرانی، بۆیە ئێران بەتێروانینی عشقی و هاوبیرانی نابنە پەناگەیەکی مەعنەوی نەتەوەکانی غەیرە فارس ئەو ئێران لەدەرەوەی پەناگەی مرۆڤایەتیەوە پێناسە دەکات، هزری ئەدەبی عشقی بیری ناسیۆنالیزمی و ئێرانی میراتگری بیری نەتەوە پەرستی فیردەوسین. ئایا نەتەوە پەرستی بەدرێژایی مێژوو لەبەر دەم دارمانی بیری مرۆڤدۆستانە دابووە، کەئەمەش بەڕوونی دوای دارمانی وڵاتی یەکێتی سۆڤێتی جاران بەڕوونی دەرکەوت تاگوورلەمبارەوە دەڵێت. ((نەتەوەبەدارمانی یابەهۆکاری سەرەکی هەرسهێنانی ڕۆژئاوادەزانێ)). جهانبەگلۆ. 2005. 49

نەتەوە پەرستی دیاردەیەکە لەبەردەم پەرسەندنە کۆمەڵایەتیەکانی یەك وڵاتداو دەبێتە خاڵی سفری دارمانی ئایندەی هەر نیشتیمانێکە کەبەم دیدە بنیات بنرێ، چونکە تاگوور دەڵێت :

(پێویستە نەتەوە سەرچاوەی مەعنەوی بێت نەك سیاسەت)
سەرچاوەی پێشوو.. 2005. 50

فروخی یزدی شاعیرێکی تری بیر ناسیۆنالیستە و دەڵێت :

عید جم شد ای فریدون خو، بت ایران پرست مستبدی خوی ظحاکی أست، این خو، نە زدست. مسرت. ١٣٧٨. ٢.

لێرەوە جیهانی سیاسەت دەبێتە بواری کاری و مەیدانی بەرهەمی شیعریی.

أن زمان کە بنهادم سر بەپای ازادی — دست خود زجان شستم از برای ازادی
فرخی زجان و دل می کند در این محفل — دل نثاراستقلال، جان فدای ازادی
سەرچاوەی پێشوو، 1378.. 39

لە دادنامەی تۆفاندا کەئەم خاوەنی ئیمتیازی بوو بەتایتڵە سورو تۆقێنەرەکانی بێ باکانە بیرو بەرهەم و ئامانجەکانی خۆی بڵاو دەکردەوەو هەرئەمەش بەردەوام ئەمی دەکردە میوانی بەندیخانەو ئەشکەنجە دان.

داد کەدستور دیو خوی زبیداد کشور جم رابە بادی هنری داد
داد قراری، کە بی قراری ملت زان بە فلك می رسد زولولە و داد
سەرچاوەی پێشوو. 1378.. 193

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

بونێکی تر کەبوونێکی پاشگۆو مێژوو کزەو لەبەرامبەر بوونی یەکەمدا پێناسەی لەدەست داوە لێرەدا فرخی بەئاگاییەوە بوون و پێناسە دەگوازێتەوە بۆ شوێن، کە بوون جێگەی یەکەم تارمایی خۆی بەسەئەوی تردا دەسەپێنێ، ، بۆیە دەکرێ ئێمە لەبازنەی هێر مۆنتیکیدا لە واتاکانی بروانین،

لێرەدا بیرکردنەوەکانی هۆسرڵ بەڕوونی لە بیری فروغی دا ئاگایا بێ ئاگا بێت و ڕەنگ دەداتەوەئەویش بڕوا کردنە بە خَویەکی بەرز لای هۆسرڵ ((هەڵوێستی ئاگا مەندی تەنیا بوونی خۆی ڕاستیەکی بەڵگەنەویستە)) د. کەمال. 2004. 61 ، دووبارە نیشتیمان لەناخی فروغی دا ئاکامی لۆجیکمەندانەیا ڕادیکاڵانەی ئێرانیەکە کەتەواوی هزری لەڕۆڵی ئێرانی بوونیەوە لەڕەوتە مێژویەکەیدا بەدەست هێناوە، بەڕای فروخی داگیر کەری ئینگلیزی تارماییەکی وەحشی گەرانەی چاوچنۆکە و تەواوی نەتەوە داگیر کراوەکان لە دۆخێکی مەرگاویدا ڕاگرتووە لەبەرامبەردا کەسانێکی خۆژێن و سفرەچی بێگانە ئامرازی داگیر کەران و ئەوانیش لە ملهوری و بێ ئیرادەیی ئەوانەوە شەرعیەت بەدەست دێنن، ئەمە داڕمانی مرۆڤە بۆ ئاسترین نزمەکانی لەتەواوی ڕووەکانی ژیانەوە، کەئەمە لایەنێکی نەرێنی کۆمەڵە کەسانێکن لەتەواوی گەلانی جهاندا نمونەیان دەبینرێ و فروخی لەمبارەوە دەڵێت :

نصرت الدوله در فنای وطن　　　در اروبا کند تلاشی ببین
گاه پاریس و گه ژنو اورا　　　بالبی پرز ارتعاش ببین
سەرچاوەی پێشوو. 1378. 196

بود ایران ستم دیده چو اسلام غریب
واین دو معدوم زجور وستم اهل صلیب
سەرچاوەی پێشوو. 1378، 293، 292

بەڕای ئێمە ئاین لەقوڵایی بیری و فەلسەفی هەموو تاکێکی ڕۆژ هەڵاتیدا ڕەگی داکوتاوە، ئەمە پێناسێکی وروژێنەرو باڵایە بۆ گەشتن بەقوڵایی قەیرانی داگیرکاری لەوانەیە وێنا کردنە پەیتا پەیتا مێژوویی و نەتەوەیی و ناسیۆ نالیزمیەکان مەودای کاریگەریەکانی لەتێڕوانینی تاکی ئێرانیدا لاواز بووبێ، پەنابردنەبەر ئایدیای ناخ هەژێنی ئاینی ئەو دۆگماو بێدەنگیە ببڕێ و بەتایبەتیش هێنانە کایەی ناوی مەزنترین کەس لەوێژدانی تاکی ئیسلامدا، کورەی گڕکانی شکاندنی بەستەڵەکی خامۆشی و دەستەو ئەژنۆیی تاکی ئێرانی بێت. ئەم پەنابردنە بۆ پیرۆزیە ئاینیەکان ئامادەکردنی دەسەڵاتێکە، وزەیەکە کەگشت سەرچاوە جەستەیی و ڕەوشتیەکانی لەخۆدا کۆکردبێتەوە، لێرەدا شاعیر لەئاینەوە بەدوای نیشتیماندا دەگەڕێ و ئاین دەکاتە پەیامێکی شیعریی واتایی کەبەئاسانی گوزەر دەکاتە ناو ناخەکان و جەختی شاعیر لەئاین هزرێکی هۆشمەندانەیە کەدەزانێت مرۆڤی موسڵمان لەڕێگەیەکی کراوەی هەوڵدانە بۆ ئازادی.

کەواتە هزری ئاینی لەچەقی کۆمەڵایەتی ئیسلامیدا ڕیشەی داکوتیووە، لێرەدا شاعیر ئاین لە کەشتیەکدا دەبینێت کەنەك بارگاوی هەڵگری توخمی سەرەکی وورۆژاندنە، بەڵکو فاکتێکی گرێدانی کۆمەڵایەتیە بەرەو ئازادی کەپەرچە کرداری ئاین بەرامبەر ئەوانی تر مێژوویەکی درێژی هەیە.

نیما شاعیری دیاری هاوچەرخە کەتوانی گڕوتینێك بە شیعری فارسی بدات ولەمت بوون وپاشەکشەکردنی فرە ڕەهەندی دەری بهێنێ، لێرەدا مەبەستمە بڵێم ئازادی و نیشتیمان هزرو پەیامی تەواوی شاعیرانە، هەریەك بەرەنگ و ئەندێشەو قۆناغی خۆی بۆیە دەبینین (علی ئەسفەندیار) یش لەبازنەی ئازادی نیشتیمان دا دەنگێکی ترە کەبەجوانی بۆ نیشتیمانەکەی دەچڕێ.

ماراچه در فرنگ چون ساختەند　　　فواره هیون وپل نگون ساختەاند
یوشیج. 1383. 713

میتۆدی نیشتیمان و ئازادی لەنیما دا، مێژووی وشیاری ئازادی تاکێکی هاوچەرخە لەبونیادی گشتی تێڕوانینی بیری کۆمەڵایەتی ئێرانیدا نیمادرکی هەمەلایەنەی دیاردە مرۆڤایەتیەکانە لە پرۆسەی حەتمی ئازادیدا شرۆڤە دەکرێ و چەندە هزری نیما گرێدانی ڕابردوو ئێستایە ئەوەندەش ئاییندە بەمیتۆدی درك کردنەوە دەبەستێتەوە لەقاڵبی مێژوودا، ئەو میتۆدێکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بەرهەم دێنێ و بزاڤی ئازادی - نیشتیمان - مێژوو دەسازێنێ، کەهاو واتای داگیر کردن و خوێن ڕێژی و زەوت کردنە.

لای(نیما) نیشتیمان پێوەرێکی چەمکیە گرێدراوی زەمەنە کەلەبەهای مرۆڤەکاندا خۆی دەردەخات، ژیاریانە داگیر کەران لەقاڵبی دروستی خۆیدا نیشان دەدات بەبەستنەوەیەکی لۆجیکیانە بەکۆمەڵانی ژێر دەستەی دەستە مۆ کراوی ئەوانەوە.


DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

ص:33-55 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نیما مرۆڤ و ئازادی و دڕندایەتی، زیرەکانە بەرهەم دێنێ لە قۆناخی مێژووی داگیر کاریداو بەڕوونی پیشەی ئەزەلی دڕندەکاری و خوێن ڕێژی ئەوان وێنا دەکات، ئەمەش خەیاڵ بەرزی ئەندێشەی ئەوە بەزمانێکی شیعریی پەیام ئامێز، دیدی ئەو لەئاستی شاراوەدا دەربڕین و خستنە ڕووی جیهانێکی کراوەی مرۆڤ دۆستیە، کەئەمەش لە دۆخێکی قەیراناوی گرگرتووی خوێناویدا مەحاڵە.

دیدی نیما بۆنیشتیمان، ئازادی وەك چۆن باوکی نوێگەری شیعری فارسیە. بە هەمان شێوەش تێڕوانینی ئەوبۆچەمکی نیشتیمان وئازادی تەواو لەوانی تر جیاوازە، نیما دەستە واژە و دەسکەوت و وەرچەرخانە ڕۆژئاواییەکان لەدەقەکانیدا بەجیا لە ناوەرۆوك ومەبەستی شیعریی زەمینەی ئەوان بەکار دەهێنێ، بە دیدێك کەلەگەڵ جیهانبینی مرۆڤدۆستانەی ئەواندا یەکبگرێتەوەلەوانە ویلیام باتلەری ئیرلەندی و ئەدۆنیسی عەرەب، گەشتن بە سەرزەمینی ئازادو وڵاتی ئازادبەوچەمکەی کە تەواوی نیازمەندە فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی هونەریەکان لەسایەیدادەستەبەر بێت، بێ سانسۆری ناوەکی و دەستێوەردانی دەرەکی. وەك لەم دەقەیدا دەردەکەوێ:

اواره از وزش بادهای سرد
برشاخ خیزران
بنشسته است فرد
برگرد او بەهر سرشاخی پرندگان
اونالە های گمشده ترکیب می کن. لادانی، تیموری. لێکۆڵینەوە

**کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی شیعری ئەم سەردەمە بە پەخشانیشەوە بریتین لە:**

1 ـ باڵی سوننەت گەرایان (شێوازی کۆن ) ئەم گروپە بەتەواوی ئاگایی و هۆشەوە پەیوەستی تەواوی شێوازی ئەدەبی کۆنی ئێرانی بوون، زمانی نوخبەو ئاڵۆزو گرێ و گۆڵاوی ڕابردوو ئامانج و مەبەستی شیعریان بوو، بەواتا عەروزو مۆسیقای شیعری کۆنی فارسی بنەمای بونیات و بەرهەمی شیعری ئەم تاقمە بوو، لەوانە (ئەدیب مەمالیکی فەراهانی، بەهار، دهخدا )).

2- باڵی دووەم شاعیرانی میللی یامردمی -پابەند نەبوون بەشێوازو قاڵبی کۆنەوە زمانی بازاڕو خەڵکی ئاساییان هەڵبژارد - ڕووکردنە زمانی گشتی سادەو ڕەوانی قەکردنی ڕۆژانەی خەڵك. کەخۆیان بەتەواوەتی پابەندی ئەم ڕیبازە کردوبەرگریان لێدەکرد، ناودارترین پەیڕەو کەرانی (سید اشرف گیلانی ((انسیم شمال )) عارف قزوینی، میرزاده عشقی ).

3- باڵی سێیەم شاعیرانی شیعری کارگەری ئەم گروپە کەوتبوونە ژێر کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسی و ئەندێشەی پرۆلیتاریەوە.

نەهامەتی و کوێرەووەریەکانی خەڵکی ستەمدیدە بنەمای بەرهەم هێنانی دەقەکانیان بوو سەرەڕای داکۆکیکردن لەمافە زەوت کراوەکانی چینی زەحمەت کێش (فرخی یزدی، لاهوتی) لە پێشەنگانی ئەم تەرزەی بەرهەمی شیعریی بوون.

**ئەرکی شیعرودیدی ناسیۆنالیزمی کوێرانەی فارس**

ناسیۆنالیزمی ئێرانی دوورە لە میتۆدو لەنیشاندانی تیۆریەکانی بنەمادار لەبیرو ئەندێشەی نەتەوەییدا. ئەوان لەدیدی سەقام گیری و مانەوەی نەتەوەی ملهوڕدا هەنگاو دەنێن بەگشتی زۆرینەی ڕەهای شاعیران و ڕۆشنبیرانی ئێرانی فامکردن و درك كردنی ئەزموونی مرۆڤایەتی لە نزمترین ئاستیدایە، هەڵوێست و کردە تاریك و هەڵچووەکانی یا ئازادی فەرهەنگی لەناخیاندا دەشارنەوە شیعرو سیاسەت بەیەکدا دەکەن بۆ لەباربردنی ئەندێشەی ئازادی ئەوانی تر، ناسیۆ نالیزمی بیر تەسکی ئێرانی لەبیریان کردووە پرۆسەی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان ئازادیە بەبێ ئازادی بیرو نیشتیمان بەرەو لێواری دارمان دەبرێ، ئازادی هەوێنی نیشتیمانی فەرهەنگیە، ئەمەیە زۆربەی بیر مەندانی تیۆری نوێ لەسەری دواون. گۆڤاری ئایدیا 112.

ناسیۆ نالیزمی فارسی لەبۆنەی بیری مێژوویی خۆیاندا لە سەلەفی ئیسلامی دەچن، هەمیشە بەرەو دواوە دەچنەوە، ئاوڕ لەدواوە دەدەنەوە، خەون بەدەسەڵاتی ڕابردووی خەلافەتەوە دەبینن و هەمیشە لەزەین و بیریاندا ئامادەی دەکەن ناتوانن لەچەمکی لێبراڵی ئازادی بگەن، ئەمە تاکە ڕێگەی ڕەها بوونە لە هەزموونی سەپاندنی دەسەڵاتی زۆرە ملێ یەك نەتەوەییدا چەمکی ئازادی و فەرهەنگی زامنی مانەوەی ئەوانە لەڕێڕەوی چەمکی مرۆڤ دۆستی و پێکەوە ژیاندا، پێویستە شیعرو عەقڵی ناسیۆنالیزمی فارسی بەرهەم هێنی ئەدەبی - سیاسی ئازادی بن کەلەدوا مەنزڵدا دەست مایەی ڕزگار بوونی نەتەوەیی ئەوانە، کرانەوەی بیری ڕوناکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی خۆڕزگار کردنە لەتاریکی بیر کردنەوەو دارمانی حەتمی، پشت کردنە چەمکی بیر کردنەوەی ئەبستراکتی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ناسیۆ نالیزمی ئێرانی دەرباز بوونە لەمێژووی گێرانەوەی (کورش - داریوش - کەیخوسرەو) ەکان بەم بیرکردنەوەیە لەدەرەوەی بازنەی پرۆسەی گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتیەوە دەمێنێتەوە.

ناسیۆ نالیزمی ئێرانی بەرهەم هێنی تیۆرو لەباربردن و قبوڵ نەکردنی بەرامبەرە، پێویستە لە بیری مۆدێرنی بەرهەمی شیعریی ناسیۆنالیزمی فارسیدا هێڵێکی نوێ لەپرۆسەی بەرهەم هێنانی بیری نوێ بگرێتە بەر، پێویستە دیموکراسیەت و نەتەوەی فەرهەنگی لەپرۆسەی هۆشمەندی ئێرانیدا بگۆڕێتە کلتورێکی نوێ و تێروانینێکی سیاسی نوێ، ئەدەبی، ئەوان بەدرێژای مێژوو خۆیان لەگرفت و قەیرانی ناسنامەدا ئاڵاندووە پێویستە پشت بکەنە پەیام و حکوم فەرمانی، دەشێ گوتار یان پەیامێکی رۆحی سەردەمیانەی فرە رەگەزی بێت، ئەگەر نا ئەدەبی ئێرانی وەك نوكی شمشێرەكانی داریوش و كیسرا لەكێلان دەنرێت. كۆمەڵگەی فەرهەنگی دیموکراسی تەواوی نەتەوەو پێکهاتەکانی خۆویستانە دەبنە بنەمای یەك وڵات و بێ جیاکاری پشکداری شكڵ گیری سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی دەبن. لێرەوە بنەرەتی سەقامگیری سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لەبازنەی فەرمانڕەوایی دیموکراسیدادەخەملێ، چونکەبەرکەوتەی بەرژەوەندیەکان بەپێی رەگەزو نەتەوە لەیەکدیدا دەتوێنەوە، کایەی سیاسی بەرفراوان دەبێت وهەمووان لە بازنەی نەتەوەی دیموکراتدا لە ئەرك ومافدا یەکسان دەبن هەموو دیاردەکانی رەتکردنەوەی یەکتر لەچوارچێوەی بونیاتێکی مرۆڤـ دۆستانەدابەیەکدەگەن.

| | |
|---|---|
| بنی ادم اعضای یکدیگرند | که در در افرینش زیك گوهرند |
| چوعچوی بدرداورد رۆزگار | دگرعضوها رانماند قرار |
| توکز محنت دگران بی غمی | نشاید که نامت نهند ادمی |

ادمی فروغی. 1366. 88

ئەمێل دورکهایم لەمبارەوە دەڵێت :

((ئازادی بۆ مرۆڤەکان تەنها دەتوانێت لەبواری رێکخستنی كۆمەڵایەتی و ئەقڵانیدا بوونی هەبێت، ئازادی زاڵبوونە بەسەر خود لەچوارچێوەیەکی بەرفراوانتر لە كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتیدا)). گۆڤاری ئایدیا، 112

**بەشی چوارەم: بەراوردکاری شیعری دژە داگیرکەر لەنێوان کورد ـ فارس دا**

هەر رێرەو تەوژمێکی شیعری لەژێر کاریگەری بارو دۆخی دیاریکراودا چەکەرە دەکات یەکێك لەو فاکتەرانە گەشەو نما کردنی هەستی نەتەوایەتیە لەژێر باری دەرکەوتنی تیۆریە شۆرشگێریەکاندا کەچەمك و واتای لە شۆڕشە بۆر جوازیەکانی ئەوروپاو دواتر تیۆریە سۆشیالیزمیەکان و ناسیۆ نالیزمیەکاندا لەخۆ گرت کەبنەماکانی دادپەروەری، یەکسانی و ئازادی بوون، ئەمانە هەموو گومانی تێدا نی یە شوێنە واریان لەسەر ئەدەب و کاری ئەدەبی دەبێت و بەتایبەتی شیعر. ئێمە لەکوردا بە بزوتنەوەی رۆشنگەری هاتینە کایەوە، بەگشتی پرۆژەیەکی رەخنەیی هەمە چەشنە بوو لەرووی كۆمەڵایەتی، نەخوێندەواری، زانست، پیشەسازی، تەواوی داهێنانە زانستیەکانی لەریزی پێشەوەی وریاکردنەوەو راچڵەکاندنەوە ئەژمار دەکرا. لەم بارەوە نوسەری ئازەر بایەجانی ((کورد ئۆغلو حسێن عەلی شانۆف)) دەڵێت :(( لەئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا شیعری کوردی لەگەڵ هەناسەی هەڵبەستی حاجی قادری کۆیی دا وردە وردە کەوتە گروگاڵی دیموکراسیەتێکی رۆشنبیری خوازی بەرەبەرە رەنگ و رووی ناوەڕۆکێکی نیشتیمان پەروەرانەی هاتە بەرو بگرە زیاتربەقەدوباڵای ئازادی میللی و بیرو باوەرێکی کۆمەڵ پەروەرانەو مێژوو پەروەرانە هەڵی دەگوت و لەچاوی رابووورویدا گیانێکی دیکەی تێکەرا و کاژە شرەکەی لەبەردا ماڵی )) عەبدولکریم. 2000. 150، 151

شیعری فارسی قەیرانی بوونی قەوارەی سیاسی نەبوو، قەیرانی شوناس مێژووی بەرجەستەی دەسەڵاتی سیاسی و کەنەفت بوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی ئێرانی بووە، شیعری دژە داگیر کەری ئێرانی لەئەزموونی مێژووی دەوڵەت داریەوە سەرچاوەی گرتووە ئەوان وەك نەتەوە زامنی مافە مەدەنیەکانیەتی و جێگەو پێگەو سنورێتی لەمێژووی جوگرافی سیاسیشدا نەخشێنراوە، ئەوان تاکی مافدارن لەچواچێوەی دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی خۆیاندا، مۆتەکەی داگیر کردن لەمپەرێکی کاتیەو لەجیهان بینی دەوڵەتەوە گوتاری شیعریی بەرهەم دێنن لەبازنەی دامەزراوەی سیاسی ئەڵقە لە گوێیدا شیعر دەهاوێژنە نێو میتودی مێژوو وەك مەعریفەیەکی بەهێزی حکومڕانی مێژووی کۆرش و ئەردەشێرو ساسانیەکان، بەرهەمی شیعریان دەرهاوێشتەی کێشما کێشی شارستانیە، ئەوان لە بیری شوناسی هێزەوە لەگەڵ ئەوانی داگیر کەردا دەدوێن ئەوان رادیکاڵیانە مێژوو دەسەڵات و قەوارە بەگژ داگیر کەردا دەدەنەوە لەهەمان کاتدا گوتاری ناسیونالیزمی ئێرانی نافەرهەنگی و ناشارستانیە، خەیاڵێکی وەهماوی سرینەوەی شوناسەکانی تر ئاراستەی دەکات، ئەمەش لە گەڵ فەلسەفەی سیاسی نەتەوەکانی تردا یەکناگرنەوە، ئەوان لە (550 پ. ز لە رۆخانی ماددەوە لە دەستپێکی هاخەمەنشیەوە خاوەنی مێژوویەکی کوژراوی فەرهەنگین. ئەمەش لە عەرەبەکانیشدا دەبینرێ، هەر بیرێك لەگەڵ یەکێتی وەهمی


DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

عەرەبی دا یەکنەگرنەوە ئەوا ئەوانە بە یاخی و بەزاراوەی (( شعوبیە)) تاوانباریان دەکەن، ئەوان کلتورو شارستانیەتەکانی تری غەیرە ئێرانی قبوڵ ناکەن. ئەوان بەچاوەکانی فیردەوسی دەڕوانن و بە شمشێری هاخا مەنیشی فەرمان دەکەن. ئەمە تیۆرو ئاکارێکی پوچ و قبوڵ نەکراوە، نەتەوەی دیموکراسی کرانەوەیە بەڕووی پێکهاتەکانی غەیرە فارسیدا ئەمە ڕوئیای ناسیۆنالستی فارسە هەتا ئەم مێژووەش، شاعیرێکی فارسی نابینێ (شیعری عەرەب ستیزی)) لە بونیاتی شیعریدا نەبێ و ((مستەفا بادکوبەئی)) هاوچەرخیش نموونەی قێزەونترین ناسیۆنالزمی فارسیە لە شیعری ( خدای عرب مباش ) ئەمانە بیر دوگماو کۆنە پارێزن، شوناسی ناسیونالیزمی یا دەنگی شیعری ناسیۆ نالیزمی ئێرانین لەخراپترین باری داگیر کراوی ئێرانیدا لەپاڵ دەنگی سەربەخۆیی هەمیشە دەنگی شوناسی قەومی فارسی لەسەروەی پێناسی شوناسی نەتەوەکانی دیکەوەن ئەم دەنگە شیعریانە دژە دیموکراسی، دژە مرۆڤین، بینینی یەك نەتەوە کارەسات باروکوشتنی مێژوەکانی ترە، بەڵام دەنگی شیعری دژە داگیرکەران ئەزموونی شیعریی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە ئەمەش ڕەوشێکی کارەساتباری لەمێژینەی نەتەوەییە، ئێمە مێژووی شیعرمان مێژوویەکی تاك چەق و ڕەهەندە، بازنەی شیعریمان لە خولگەی نەتەوەیەکی دابەش کراوو کۆیلە کراو داگیر کراو چەوساوەدایە، مێژوویەکی ڕووبار خوێنینە مەریوان وریا قانیع دەڵێت :

((مێژووی گروپە ئەتنی و نەتەوە بێ دەوڵەتەکان مێژوویەکی پڕ چەوساندنەوەو توندو تیژیی و خوێناویە، لەهەندێك باردا ئەم مێژووە گۆڕاوە بۆ پیادەکردنی جینۆساید)). قانع. 2013. 292

ئێمە بەشێکین لەجەستەی دەوڵەتێکی نەتەوەی تر. کەپەیوەندی چەوساندنەوەو دوژمن کارانەو داپڵۆسین پێکمانەوە دەبەستێ، لە زۆر باردا قوربانی دووچاری دەستی ئەوانین بڕوانە شۆڕشی 1920 ز عێراقی گەلانی عێراق و1979ز. ئێرانی و1919 ز. ئێتیحا دو تەرەقی تورك، ئەمانە نمونەی بەرچاو ڕوونین لە بەکارهێناندا بەشێکین لەجەستەی دەوڵەتە نەتەوەییەکە لەمافدا جەستەیەکی نامۆو قێزەون و نەفرەت لێکراوین. بەگشتی ئەزموونی شیعری کوردی، شیعری بەرگری نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی بێ قەوارەیە کەلەهەردوو مافی نەتەوەیی و مرۆڤی بێ بەشین و ئێمە بەردەوام شیعرمان هاندان و جۆش دان بووە لەپێناوی قەوارەی سیاسیدا نەبوونی سەروەری نەتەوەیی و شوناسی بێ قەوارەیی فۆرمێکی خەمڵێنراوی بەرهەمی شیعری بووە، ئێمە نەتەوەیەکی بێ ماف و بێ قەوارەو بێ سنوورین، هەمیشە شیعری سیاسی کوردی شیعرێك بووە لەهەوڵی بێ مانایی و بێ نرخ دەرهێنانی تاکی کوردیدا بوە بەنەتەوەشەوە ئێمە شیعر بۆ سەربەخۆیی و نەتەوەیی، دەهاوینە نێو مێژوو جوغرافیای سیاسیەوە. کەواتە شیعری فارسی و کوردی لەدووڕیانێکی شوناس وبێ قەوارەیی جیاواز دان یەکەم شیعری دژە داگیر کەری فارسی لەدەرەوەی بێ مافی و بێ قەوارەییەوە یە، بەڵام شیعری کوردی لەقەیرانی نەبوونی شوناس و بێ قەوارەیی وبێ مافدایە.

**ئەنجامەکان**

لێکۆڵینەوەکەمان ئەم ئەنجامانە دەخاتە بەردەست:

1- شیعری کوردی، فارسی، بە گشتی لەقۆناغی داگیرکاریدا لەیەك بازنەی شیعریدان و لە سەنگەری ڕزگاری نیشتیمانی دان بە دووتێروانینی جیاواز.
2- تێروانینی شاعیران بەرهەم هێنانەوەی شکۆی ڕابووردووی دێرینە لە ئێستادا، بە دووچەمکی جیاواز، کەخۆی لە نیشتیمانی بێ قەوارەو دابەش کراودا لای کوردو نیشتیمانی قەوارەداری داگیرکراودا لای فارسەکان دەبینێتەوە.
3- بیری شاعیران دووئاراستەی جیاوازە، لای شاعیرانی کورد لە تەوەرەی ناسیۆنالیستی و ئەنترناسیونالیستیدا سوڕاوەتەوە، بەڵام هەرگیز بارێکی نا فەرهەنگیانەوشۆفێنیزمانەی لەخۆنەگرتووە، لەکاتێکدا شیعری فارسی تەوەرەی بیرکردنەوەیان نافەرهەنگیانە و شۆفێنیزمانە بووە.
4 - بەرهەمهێنانی مێژووی دێرین وئامادەکردنی لە ئێستادا، لای کوردبۆسەروەری نەتەوەیی وجۆشدان و شانازی کردنە، لای فارسەکان بۆلووت بەرزی وقوتدانی مێژووی ئەوانی ترە.

بەگشتی شاعیرانی کورد، تەوەرەی بەرهەمهێنانی شیعرییان هەرچەندە ناسیۆنالیزمی بووە، بەڵام فەرهەنگی مەعریفیان سڕینەوەی ئەوانی تر نەبوە. بەڵکوو بنەما مرۆڤایەتیەکان هەوێن و جەوهەری دەقەکانیان بووە، ئەمەش خەسڵەتە بەرزە بەها دارەکانی کوردە، کە بە درێژایی مێژوو بوونەتە سوونبوولی نەتەوەیەکی بەشکراوو کۆیلە کراو داگیرکراو، سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتیانەی دووچاری بوە لە سەر دەستی نەتەوە سەردەستەکان. لە کاتێکدا ئەمە لای فارسەکان تەواو پێچەوانەیە دروشمیان سڕینەوە و پاکتاوکردنی تەواوی نەتەوە غەیرە فارسیەکانەو ئەندێشەیان هەڵقوڵاوی ئایدۆلۆجیەتی ناسیۆنالیزمی بیرتەسکانەو نا مرۆڤانەو کوێرانەیە، کە ڕەنگە سەرچاوەکەی بیری شۆفێنیزمانەی باوکی ناسۆناڵیزمی فارسی فیردەوسی و شانامەکەی بێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)

**سەرچاوەکان**

**کوردییەکان**

*. ئاگرین، دکتۆر عەبدوڵڵا. 2013. دیوانی محەممەد ساڵح دیلان.. هەولێر. چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا.
*. باجەڵان، سوار. 2016. دیداری حاجی قادر. سلیمانی. چاپی یەکەم. چاپخانەی تەژنە.
* جەهانبەگلۆ، رامین. 2005. تاگۆرووێژدانی مرۆیی. هەولێر چاپی یەکەم. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
* خالد، عەبدوڵڵا عەزیز. 1987. دیوانی شیعر محەمەد ساڵح دیلان. هەولێر. بڵاوکراوەی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.
* ڕەسوڵ، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا. جاف. ئەفراسیاب ئەحمەدموختار. 1986. دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف. بەغدا. چاپخانەی الادیب.
* ڕەسوڵ، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا 2008. ئەحمەدی خانی شاعیرو بیر مەند. سلێمانی. چاپ. دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
* زێوەر، مەحمود. 1989. دیوانی بەختیار زێوەر. بەغدا. چاپخانەی الزمان.
* عەبدولکەریم، عەبدولکوریم حەمید. 2000. ئەحمەد موختار شاعیرو مرۆڤـ. سلێمانی چاپ و پەخشی سەردەم.
* علی، د. گاهر محمد. 2013. قانع، ژیان و بەرهەمی. سلیمانی
* قانع، بورهان. 2005. دیوانی قانع. تاران. چاپی شەشەم. بڵاوکراوەی پانیز. چاپخانەی دالاهۆ.
*قانع، مەریوان وریا. 2013. فیکرو دونیا. سلێمانی. چاپی یەکەم. چاپخانەی کارو
*کەمال، محەمەد. 2004. بوون وداهێنان. سلێمانی. چاپ و پەخشی سەردەم.
*کەمال، محەمەد. 2006. نیتشە وپاش تازەگەری. سلێمانی. چاپی یەکەم. چاپ و دەزگای حەمدی.
* مەلاکەریم، محەمەد. 2011. دیوانی فایق بێکەس. سلێمانی. چاپی دووەم. چاپخانەی شڤان.
* میران، سەردارحەمید، شارەزاکەریم، مستەفا. 2707. دیوانی حاجی قادری کۆیی سنە. بڵاوکردنەوەی شارەکتێبی میدیا.

**فارسی**

- انتشارات علم. 1381. دیوان اشعار محمد تقی بهار.. ملك الشعرا. چاپ اول. چاپخانه. بهمن. تهران
- انتشارات توس. 1368. دیوان اشعار بهار. چاپ پنجم. چاپخانه ْافست17 شهریور. تهران.
- املی محمد رچامحمدی. 1380. اواز چگور. زندگی وشعر مهدی اخوان ثالپ. چاپ دوم. چاپ احمدی. ناشر. نشر ثالپ. تهران.
- ارینپور یحیی. 1379. از نیما تاروزگار ما. چاپ سوم. چاپ گلشن. انتشارات زوار. تهران
- ارین پوریحیی. 1379. ازصبا تانیما. ج/1چاپ حیدری. انتشارات هیرمند. تهران.
- ارین پور یحیی. 1379. ازصبا تانیما. ج. 2چاپ هفتم. چاپ گلشن. انتشارات زوار. تهران.
- رفعت محمود. 1365. نغمهٔ کلك بهار. چاپ. انتشارات علمی. تهران.
- زرین کوب دکترعبدالحسین. 1388. اشنایی با نقد ادبی. چاپ هفتم. چاپ مهارت. انتشارات، سخن. نهران.
- سلمی علی اکبر مشیر. کلیات مصور میرزاده عشقی. تهران.
- شکیبا پروین. 1370. شعر فارسی از اغاز تا امروز. چاپ اول. چاپ حیدری. انتشارات هیرمند. تهران.
- شراگیم یوشیج. 1383. مجموعهاشعار. نیما یوشیج. چاپ سوم. چاپ صحافی خاشع. نشر اشاره. تهران.
- فروغی محمدعلی. 1366. دیوان سعدی شیرازی. نشر طلوع. چاپ چهارم. چاپ ایداء. تهران.
- کدکنی محمد رچا شفیعی. 1359. ادوار شعر فارسی. انتشارات توس. چاپ افست. سهامی عام. تهران.
- کسروی احمد. 1379. تاریخ مشروطه ایران. چاپ سوم. چاپخانهصالحان. تهران.
- مسرت حسین. 1378. دیوان فرخی یزدی. چاپ نخست. چاپ. دیداور. انتشارات یزد. تهران.

**عەرەبی**

- الف لیله ولیله. 1987. مگبعه دیانا. منشورات مکتبهالتحریر. بغداد.
- نامەی زانکۆیی
- ئەمین محمد ئەمین محمد نوری، 2004، شەقڵی نوێخوازی لە ئە دەبی کوردی ـ فارسی دا.. ماجستێر. زانکۆی سلێمانی.


DOI: DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4. 0 (CC BY-NC-ND 4. 0)